YEKBUN

# یەکبوون

UNITED
کوردستان
KURDISTAN

کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە

پووشپەڕێ : ٢٧١٥ | یەکبوون ژمارە : ٦٣ | July : 2015




# ئاڵای کوردستان.. ناسنامەیەک بۆ گەل وپێناسەیەک بۆ نیشتمان

عەبدولرەحمان سدیق



بەڵگەنەویستە کە هاووڵاتییانی خاوەن یەک ئاڵا، هەست بەبوونی نیشتمانیی خۆیان دەکەن و، پێوەندی نێوان ئاڵا لاوەکییەکانی وەک ئاڵای حزب و ئاڵای ڕێکخراوەو، ئاڵای کۆمپانیاو، ئاڵای یانەو، ئاڵای دەستەو کۆمەڵەکانیش، پتەوتر دەکات و، هەر هەموشیان لە سێبەری خۆیدا کۆدەکاتەوەو لە ئامێز دەگرێت.

ئەمە جگە لەوەی کە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ناساندنی کیان و قەوارەی سیاسیی هەر گەل و نەتەوەیەک بە کۆمەڵگەی جیهانیی و گەلانی دنیا.

ئاڵایەک کە لە سایەیدا تەواوی (ڕەنگ) و (دەنگ)ەکانی نێو نیشتمان ئازادانە پێکەوە دەژین.

ئاڵایەک کە لە سێبەریدا ململانێی نێوان ڕەنگە لاوەکییەکان هێور دەبێتەوە .

ئاڵایەک کە لە هەر شوێنێکی نیشتمان و جیهاندا بەرز دەکرێتەوە، ناسنامەی گەلەکەمان و پێناسەی وڵاتمان دەبێت.

بۆیە گرنگیی پێگەی ئاڵا لەوێوە دەست پێدەکات کە هەمیشە ئاڵا لەهزری نەتەوەی کوردو گەلی کوردستاندا زۆر ڕاستییمان بیر دەخاتەوە لەوانەش:

یەکەم: ئاڵای کوردستان جەخت لەسەر ئەو تێگەیشتنە نەتەوەییە دەکاتەوە کە وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە کە مرۆڤ – هەر مرۆڤێک - وەکو تاک، لەدنیادا سێ بازنەی برایەتیی سەرەکی دەورەی داوە کەبازنەی (برایەتی نەتەوایەتی)و بازنەی (برایەتی ئاینیی)و بازنەی (برایەتی ئینسانی)ن.

هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی مرۆڤیش لە سەرەتاوە بۆ بازنەی نزیکی خۆی دەبێت و هەر کاتێکیش بەئامانج گەیشت، ڕوو لەگەلان و نەتەوەکانی دی دەکات، واتە ڕووی خێری لەنەتەوەکەی خۆی دەبێت ئەگەر لێی زیاد بوو دەیبەخشێت بەگەلانی هاوئاینیی، ئەگەر لەوانیش زیادبوو، دەیبەخشێت بەگەلانی نێو بازنەی برایەتیی ئینسانیی.

بۆیە هەردوو چەمکی (نەتەوە)و (ئایین) دوو چەمکی دژ بەیەکدی نین تا بەراورد لەنێوانیاندا بێتە ئاراوە، بەڵکو پێوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت، بۆیە پێوەندیی نێوان (نەتەوە)و (ئایین) پێوەندییەکی تەواوکارییە نەک جیاکاریی، هەر لێرەشەوە گەر (نەتەوە) لاشەو جەستە بێت، ئەوا (ئایین) بریتییە لە ڕۆح و گیان.

دووەم : ئاڵای کوردستان ئەو ڕاستییەمان وەبیر دێنێتەوە کە مافی سروشتیی و خواپێداوی خۆمانە کە خاک و نیشتمان و زێدی باووباپیرانی خۆمانمان خۆش بوێت، بە تایبەت کوردستانی ئێمە، کە جگە لە خۆمان، خەڵکان و گەڕیدەو پسپۆڕو مێژوو نووسانێکی زۆر، شایەدیی ئەوەی بۆ دەدەن کە خاوەنی زۆر سیفات و تایبەتمەندێتی جۆراو جۆرو کەم وێنەیە، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ شوێنی بەرچاوو هەڵکەوتووی کوردستان دەکات، وەک خاکێکی پڕ خێرو بەرەکەتی نەبڕاوە کە شایانی ئەوە بووە، ببێتە شوێنی ڕزگاربوون و، لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی.

سێیەم : ئاڵای کوردستان هانمان دەدات کەبایەخ بەزمانی نەتەوەییمان بدەین و، ئەوەش بزانین کە ئێمەی کورد هەقی خۆمانەو، بگرە ئەرکی سەرشانیشمانە کە بە






هەموو شێوەیەک لەخەمی بەزیندوو ڕاگرتنی زمانەکەماندا بین بەهۆی هەوڵدانی زانستیانەو ئەکادیمیانە بۆ هێنانە ئارای زمانی یەکگرتووی کوردی و، بەهۆی دەوڵەمەند کردنی زمانی نووسین و خوێندنی کوردی بەزاراوە ڕەسەنەکانی دیالێکتە جۆراو جۆرەکانی زمانی کوردی و، ئەمەش لەڕێگەی پرۆگرامی خوێندن لەقوتابخانەکانداو، لەڕێی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بیستراوو بینراوو خوێنراو، هەروەها لەڕێگەی ئەدەبیاتی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و، کۆمەڵەو گرووپە ئەدەبیی و ڕۆشنبیری و هونەرییەکانەوە.

چوارەم: ئاڵای کوردستان ئاوێتەی جەژنی نەتەوەییمان دەبێت و، هەموو ساڵێک، وەکو پیشەی سەدان ساڵی لەمەوبەری گەلەکەمان، لە ئێوارەی ڕۆژی پێش نەورۆزدا، ئاگری سەرکەوتن دەکەینەوە، بە بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستانەوە یادی سەرکەوتنی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەرو، کۆتایی هاتنی لاپەڕەیەکی زوڵم و زۆرداریی لە مێژووی نەتەوەکەماندا ڕادەگەیەنین، ئەو نەتەوەیەی لەم ڕۆژەو لەم جەژنەدا بۆ تەواوی دنیا ئاشکرای دەکات کە گەلێکی سەربەخۆی خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆیەتی و، (نەورۆز)یش کە لەدروست بوونی دەوڵەتی (ماد)ەوە کردوومانە بە سەرەتای ساڵی کوردیمان، گەورەترین جەژنی نەتەوەییمانە.

پێنجەم : ئاڵای کوردستان ناخمان بە گیانی ئینتیمای نەتەوەیی پڕ دەکات و، پێشمان دەڵێت کە تۆماری سەروەرییەکانمان بەناوی کوردییەوە بپارێزین و، ناوی کوردیمان بکەینە ئەو هۆکارە دێرینەی کەهەزاران ساڵە، مرۆڤەکان بەیەکدی و، بەتەواوی شوێن و کات و شتەکان ئاشنا دەکات و، دێرینیی و جوانیی خۆیشی لەناوە پیرۆزەکانی خواوە وەرگرتووەو، بڵاوبوونەوەیشی لەفەرهەنگی یەکەم مرۆڤی سەر ئەم زەمینەوە بۆ دەستەبەر بووەو، بەردەوامبوون و نوێبوونەوەیشی، لەچالاکییە بەردەوام و نوێیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئیدی لەو ڕۆژەوەش کەخوای گەورە زمانە جیاجیاکانی گەلان و نەتەوەکانی سەرزەمینی بەنیشانەی دەسەڵات و توانای بێ سنووری خۆی دانا، تاک و کۆی هەر نەتەوەیەکیش وەکو ئیرادەیەکی خوا ویستانە، لەهەوڵی ناولێنانی خەڵک و شوێن و شتەکان بوونە بەزمانی خواکردی خۆیان.

شەشەم : ئاڵای کوردستان ئەو ڕاستییەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە (ئاڵا) ئەگەرچی لە ڕەنگێک یان چەند ڕەنگێک و، لە مەترێک یان زیاتری پارچە قوماشێک دروست دەکرێت، بەڵام لە واقیع دا چەترێکەو، لە سێبەریدا هەزاران کەس و، لەسەر سەدان کیلۆمەتری چوار گۆشەش لە خاک و ئەرز، هاو ئومێدو هاوخەم پێکەوە دەژین.

بۆیە زۆر بوون ئەو جارانەی تێیاندا، سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرانی کوردستان جەختیان لەسەر کۆبوونەوەی هەموو لایەک کردۆتەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستاندا.

بەڵام ئاشکرایە کە بەرژەوەندیی هاوبەش و، چارەنووسی هاوبەش و کۆک بوون لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، هەر هەموویان ئەو چەمکە مەعنەوی و واتاییانەن، کە بۆ بەرجەستە کردنیان لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستییەکی زۆرمان بە دۆزینەوەی میکانیزمی هاوبەش هەیە، چونکە چوار چێوە هاوبەشەکانن کە بەرژەوەندیی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش دەپارێزن.

یەکێک لەو میکانیزمانەی کە خەڵکێک لە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوەو، چارەنووسیشیان بەیەکەوە گرێ دەدات و، خەمی هاوبەش و هیوای هاوبەشیان بەرجەستە دەکات، بوونی (ئاڵا)یە.

لێرەوەو لەم پێشەکییە پێویستەوە، پاراستنی ئاڵای هەرێمی کوردستان و، زیندوو ڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵای کوردستانیش، زەرورەتێکی نیشتمانیی و مێژوویی ئەوتۆیە کە وا چاکە هەموو کەس لەلای خۆیەوە پشتگیری لێ بکات، بەلای کەم لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردن.

ئایینی ئیسلامیش کە جەخت لەسەر پێویستیی ئیمان و، بەرژەوەندیی خەڵک و، بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکات و، میکانیزم و جۆری پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەو گەلانیشی بۆ خۆیان بەجێ هێشتووە، بۆ ئەوەی ئارەزوومەندانەو لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی هەمووواندا، چوارچێوەکان دیاری بکرێن، لەم بوارەدا لای ڕەوایە کە نەتەوەو






گەلانی موسڵمان لەژێر سایەی ئیسلامدا، (ئاڵا)ی تایبەت بەخۆیان هەبێت، چونکە (ئاڵا) فاکتەری کۆکردنەوەی خەڵک و جەماوەرە، هەر لەبەر ئەمەشە لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتدا لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) لە (مەدینە)دا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بوونی (ئاڵا) یەکی بە پێویست زانیی.

بەم شێوەیە ئاڵای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەش بووەو، لیواکەیشی واتە ئاڵا پێچراوەکەی سپی بووە.

ئەم ئاڵا ناوەندی و سەرەکییەی دەوڵەتی ئیسلامیش نەبۆتە ڕێگر لە بەردەم بوونی ئاڵای تایبەتی هۆزو تیرەکاندا، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگەی دەدا کە هەر تیرەو هۆزێک ئاڵای تایبەتی خۆیان هەبێت لە پاڵ ئاڵای ناوەندیدا، وەک (ئیبنوکەسیر) لەبارەی چۆنییەتی چوونە ناو (مەککە)وە دەڵێت: هەر هۆزێک لەژێر ئاڵای خۆیدا چووەتە مەککەوە.

هەر هۆزو تیرەیەکیش ئارەزوومەندانە ڕەنگ و شێوەی ئاڵای خۆی دیاری کردووە، ئەوەتا (بەنو سەلیم) داوایان کرد کە ئاڵاکەیان (سوور) بێت، پشتیوانانیش کە موسڵمانانی مەدینە بوون، ئاڵاکەیان (زەرد) بوو.

لەمانەی پێشەوە دەگەینەوە ئەو ئەنجامەی کە دەوڵەتی ئیسلامیی دەوڵەتێکی کراوەی لە چەشنی کۆنفیدراڵییە کە تێیدا (ناوەند) ڕێگە دەدات گەلان و نەتەوەی خاوەن تایبەتمەندێتی، حکومەت و سوپاو ئاڵای تایبەت بەخۆیانیان هەبێت.
بۆیە کە عەبباسیەکان ئاڵای ڕەسمی خەلافەتیان (ڕەش) بوو، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە فراوانەدا، (صلاح الدین)سەرۆکی دەوڵەتی (ئەیووبی) بوو کە ڕووبەرەکەی لەنێوان کوردستان و (میسر)و (یەمەن) دا بوو، ئەم دەوڵەتە خاوەنی ئاڵای خۆی بوو.
بۆیە (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لە کتێبی (کوردو کوردستان)دا سەبارەت بە شووڕەی (قاهیرە)و قەڵاکەی دەڵێت: (واقیعا ئەم شورەیە زۆرجار (تەعمیر)و (تەغییر) کرا، بەڵام عەلامەتی بە بەیداخی سوڵتان (واتە صلاح الدین) کە هەڵۆیەکی (سوور) لەسەر زەمینێکی (زەرد)بوو، ئێستاکەش بەسەر یەکێک لەدیوارەکانی قەڵاکەوە ماوە).

ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێی باش بووە کە هەموو گەل و نەتەوەیەک لەژێر ئاڵای خۆیان دا ئیسلامەتی پەیرەو بکەن.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێی خۆش بوو کە هەموو کەسێک لەژێر ئاڵای قەوم و هۆزی خۆیدا بجەنگێت. دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ – هەر مرۆڤێک – لەژێر ئاڵای نەتەوەی خۆی و، لە نێوان خزم و ناسیاوی خۆیدا حەز دەکات ئازایەتی و کارامەیی خۆی بنوێنێ، هەر لەوێشدا حەز دەکات کەموکوڕیی و کەمتەرخەمی لێ دەرنەکەوێت، ئەمەش ڕاڤەکردنی دەقی قسەو لێکدانەوەی ئیمامی (الشوکانی)یە.

حەوتەم : لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەی پێشەوە، کوردستان مافی شەرعیی خۆیەتی کە دەوڵەت بێت و ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆیشی هەبێت، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیی زلهێزانی سەردەم و سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان و هەندێک لە وڵاتانی ئیقلیمی، هێشتاو تا ئەمڕۆ ئەو مافە شەرعی و خوا پێداوەیان پێ ڕەوا نەبینیبێت، ئەوا هەتا ئەو ڕۆژە دادێت کە هەموومان پێی شاد دەبین، ئێستا جێگەی خۆیەتی کە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ئەو تایبەتمەندێتییەی کە هەیەتی، خاوەنی ئاڵای خۆی بێت و، ڕۆژی ئاڵاش بەرزو زیندوو ڕابگرێت.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گوڵان / ڕێکەوتی : ١٧ی دیسامبری ٢٠١٢

YEKBUN یەکبوون KURDISTAN

Page : 5 ژمارە : ٦٣ مانگی پووشپەری ٢٧١٥ / ٢٠١٥ لاپەڕەی : ٥

# سەربەخۆیی کوردستان و ڕیسکەکانی (مجازەفە) میللەتی کورد لە باشووردا

**ئاسۆ حامدی**

مافی چارەی خۆنوسین مافێکی ڕەوای گەلی کوردە و کەس ناتوانێ ئەم مافە زەوت بکات بەڵام دەتوانن ڕێگری جدی بکەن و بۆ ماوەیەکی تریش دوای بخەن، خەونەکەی



سەرۆک بارزانی تا مانگی ئەیلولی ٢٠١٥ یە دوای ئەم مێژووە دەبێ خەونی سەرکردەیەکی تر بێت. بەڵام ئایا واقعیەتی ئەم خەونە کە لای سەرۆک تاڵەبانی خەونی شاعیران بوو دەبێتە واقع یان هەر وەکو شعارێکی ستراتیژی دەمێنێتەوە. لە خوارەوە باس لە ڕیسکە گرنگەکانی ئەم مەسەلە چارەنووسسازە دەکەین. لە هەمووحالەتێ ئەگەر گەل ئەم بڕیارە بدات وئامادەیی قوربانی هەبێ و حکومەت حکومەتی گەل بێ ئەوە ڕیسکەکان هەرچی بن ئەوە هەر بەسەرکەوتن دەگات بەڵام نەوەیەک یان چەندین نەوە قوربانی دەبێ بدات. ئەمەش لە گرەوی ئەم حکومەتە گەلیەیە کە هاووڵاتیان هەموویان وەکو یەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بەداخەوە ئەم حکومەتەی ئێستا ئەوە نیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاتێکی مناسبە میللەتی کورد بڕیاری خۆی بدات و ئامادەیی قوربانی هەبێ.

ئەم ئاڵوگۆڕانەی ئەم دواییانە هۆکارەکانی هەرچی بووبن، فرسەتێکی تر بۆ میللەتی کورد لە باشوور هاتە پێشەوە لە باری ئەمنی لەسەر زەوی (کورد هیزی ئاسمانی نیە و ئاسایشی نەتەوەیی لە تۆپ لەبەر ڕەحمەتی داگیرکەران دایە) هێزی پێشمەرگە بۆشاییە ئەمنیەکەی پڕکردۆتەوە، بەڵام لەباری بەڕێوەبردن و سەقامگیری و ژیانی هاووڵاتیان و خزمەت گوزاریەکان و هتد بە کورتی مەسەلەی هاوولاتیان لەم ناوچانە بە ئەگەرێکی کراوە ماوەتەوە، هەروەها لایەنەکانی عێراق هیچ لایەنگرێکیان نیشان نەداوەو بگرە هەندێ لە لایەنی سوونی و شیعییش بە ئاشکرا دژی ئەم ڕەوشەن کە میللەتی کورد بۆ خۆی قۆزیوەتەوە. بەڵام ئایا حکومەتی کوردستان لەم ئاستەیە بتوانێ هەموو ئەمانە چارەسەر بکات. لەلایەکی تر دەنگۆی ڕیفراندۆم لە کوردستان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی لە عێراق بووەتە مەسەلەی ڕۆژ کەئەمە لەمێژە تەرحێکی کۆمۆنیستەکان بوو لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکان لە عێراق و ئامرازی جی بەجێکردنیان و وەهم و خەیاڵی بەڕێوەبردنی یۆئێن بوو دیارە ئەوکات باشترین ئەڵتەرناتیڤ بوو بەڵام نەک بە پشتیوانی یو ئێن. ئایا حکومەتی ئێستای کوردستان توانای دیاریکردنی ئەم چارەنووسی سیاسیەی بۆ گەلی کورد هەیە لە باشوور ئەم وەزعانە بەکوێ دەگەن و فاکتەرە ناوەخۆیی و دەرەکیەکانی ئەقلیمی و ئەنتەرناسیونالی چۆن دەبێ، دژە کارەکانیان چۆن دەبێ لە پراکتیکدا بە زارەکی دەوڵەتی ئیسرائیل لە زمانی سەرۆک وەزیران پشتیوانی دەکات و لە تورکیەش لە نێوان دژایەتی ڕەسمی و سۆزی نارەسمیدان و ئێران و حکومەتی عێراقی ئێستا دژایەتی دەکەن ئەمە جگە لە سوریە و دەوڵەتانی کەنداوی فارس.

بە کورتی ڕیسکەکان (مجازەفە) کانی ئەم هەڵومەرجە بۆ میللەتی کورد چین و چۆن دەتوانێ لەم نێوەدا بتوانێ پارێزگای کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکان بەگەڕێنێتەوە سەر حکومەتی هەرێم و بە یاسایی بینە بەشێ لە سنووری ئیداری هەرێم و دواتریش مەسەلە سنووریەکانی یەکلا بکاتەوە و نەخشەیەکی نوێی باشووری کوردستان دیاری بکات. کە گرفتی نەوەکانی ئایندەیە لە دوارۆژدا و بانگەوازی ڕیفراندۆمێ بکا کە هەموو خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی دەدەن. ئایا پێشمەرجەکان و فاکتەرە دەرەکیەکان چەندە کاریان بۆ کراوە و فەراهەمن.

پێشمەرجی ئەم هەنگاوە یەکدەنگی و یەک فەرمانی و یەک سیاسەتی نەتەوەییە لەلایەن حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی و لایەنێکی تر لە ڕیسک دەنگدانەوەی ئەم هەڵوێستانەیە لە دەرەوەو پەیداکردنی لایەنگیر لە سەرتاپای دونیا بۆ هەقانیەتی ئەم هەڵوێستانەی میللەتی کورد لەم ساتەدا . ئەم خاڵە هەر بەلاوازی دەمێنێتەوە چونکە لە مەسەلە دەرەکیەکان بە تایبەتی دیپۆماسیەتی کوردی لە دەرەوە زۆر بەهێز و بەتوانا نیە و ئەزموونێکی زۆرمان نیە لە مەسەلەی دیپلۆماسی و






کادیری دروست و نەتەوەییمان نیە، ئەوەی لە حکومەتی هەرێم هەیە لە فەرمانبەرێ یان وەرگێڕێ دەچێ تا دەگاتە سلکی دیپلۆماسی تابتوانێ هەموو مەسەلەکان بە قووڵی یەکلا بکاتەوە. ئەمە گرفتێکی گەورەی نەتەوەی کوردە و هەوڵی چاکسازی بۆ نادرێ. جا ئەگەر قازانجی ڕۆژئاوا و ئەمریکا وا بخوازێ پشت لە کورد بکەن یان بە هێزی ئەڵتەرناتیڤ کورد وەدەر نێن ئەوە گریمانی هەیە. چونکە میللەتی کورد لەم ناوچەیە تەنها چیاکان هاوڕێن ئەوەی تر هەموو دوژمنیەتی.

خاڵێکی تری ڕیسک تێوەگلانی میللەتی کوردە لە شەڕی ئەڵتەرناتیڤەکانی زل هێزەکان، بەنموونە شەڕی ئێران و ئەمریکا و ڕوسیە وەک ئەوەی لە سووریا و لوبنان دا هەیە یان ئەوەی ئۆکرانیا و دوای ئاڵوگۆڕەکانی دوایی لە نیمچە دوورگەی قرم دا. بەداخەوە میللەتی کورد زوو دەخزێتە ئەم کێشە ئەقلیمیانە و ئەنتەرناسیونالانەدا ئەگەر بە فاکتەری مێژووی ناوچەکە بچینەوە.

زۆرجار باسمان لە بەهێزی بەرەی ناوەخۆ کردووە، بەڵام خودی سەرۆکی هەرێم و حزبەکەی لاوازی دەکەن، بەنموونە لە حکومەتی خۆجێ یەتی لە هەولیر و دهۆک یان سەردانەکەی بۆ کەرکوک و گرنگی نەدان بە وەزیری نوێی پێشمەرگە و پارێزگاری کەرکوک و ستافەکەی. پراکتیک پێمان دەڵێ ئەم یەکگرتوویە کە نەتەوە دەیەوێ ئەمڕۆ ئیمکانی نیە و هەمووان لێی مەسوولن. ئەمە ڕیسکێکە بەردەوام لەگەڵ میللەتی کورد هەنگاو دەنێ و سوونە و شیعەکان و دەوڵەتەکانی ئەقلیمی هەوڵی پەرتەوازەی هێزی کورد دەدەن و هەرڕۆژێ ڕووی شەڕ و ئاشتیان لەیەکێ دەکەن و پشت لەوی تر دەکەن. جا چ جای دەوڵەتەکانی ئەنتەرناسیوناڵ.

ئەم سیاستەی کە ئێستا نراوە کە میللەتی کورد تەنها بەرگری دەکا و هێرش ناکات، لە زانستی سەربازی و جەنگدا هەڵەیەکی کوشندەیە. کاتێ باجەکەی دەدەن کە بەرەی بەرامبەر بەهێز بوو. ئەمە لە پراکتیکدا سەلماوە. دروستە میللەتی کورد و کۆمەڵگاکەی بەرەی جەنگ و شەڕی درێژخایان ناگرێ بەڵام بەتەنها بەرگری هێزی بەرامبەر زاڵ دەکات. دروستکردنی پشتێنی ئەمنی لە زەوی لایەنەکەی تر پێویستی بەهێرشە. ئامرازەکانی شەڕ زۆر زوو دەگۆڕێن ئەگەر داعش چەکی قورس و فڕۆکەی جەنگی دەست بکەوێ ئەوکات بۆ میللەتی کورد گرفتەکە گەورە ترە لە مڕۆ.

بە کورتی لەم هەنگاوانەی دواییدا سەرکردە سیاسیەکانی کورد بە مەنتقی بەڕێوەبەرایەتی ڕسک هەنگاویان نەناوە بۆ پێشڕەوی پێشمەرگە بەڵکو ئۆپراسیۆنەکان وای لیکردوون بە پۆزەتیڤ شکاوەتەوە بەڵام بۆ دوایی دەبێ بەرنامەی ستراتیژی دەبێ هەبێ بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەم ناوچانە و هەموو ئەگەرەکان وەربگیرێن و شیتەڵ بکرێن وسیناریۆیەکان نەخشەی بۆ بکێشرێ. کە ئەمەش گرفتێکی ترە کە لە مەسەلەی بەنزین تا پرۆژەکان هەمووی بێ بەرنامەن یان کارە بەرنامەییەکانی حکومەت زۆر بە بێ بەرنامەیی دەچنە پێشەوە.

من لەم ڕۆژانەی دواییدا گەشبینم بە چاکتر بوونی کۆمەڵگا و بەرەوپێش چوونی چونکە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی گەلە هەژارەکەی ئامادەیی زۆری بەرگری هەبووە و هەیە، بەڵام هەڵوێستی سیاسی سەرکردەسیاسیەکان هەندێ مژدە بەخش نین و شەفاف نین لەگەڵ گەل بۆ تەواوی پرۆسێسەکان لە هەموو مەیدانەکاندا هەر بە عەقلیەتی کەلتووری سیاسی کۆن کاردەکەن . ڕۆژانی دابێ کات زیاتر یارمەتیمان دەدات بزانین سەرکردایەتی سیاسی کورد چۆن بە بەڕێوەبەرایەتی ڕیسک مامەڵە لەگەڵ ڕیسکەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەکات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ گەل بگەڕێتەوە لە دەرەوە و ناوەوە کاری جدی بۆ ڕیفراندۆم بکرێت و بەرەی ناوەخۆ بەهێز بکرێت و ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بەرزبکرێتەوەو هێزێکی نەتەوەیی و میدیایەکی نەتەوەیی و دیپلۆماسیەتی نەتەوەیی لەدەرەوە کاری جدی بۆ بکەن ئەوا میللەت دەتوانێ بەرگری لەم سەربەخۆییە بکات. بەڵام ئەگەر میللەت وەکوئەو پەندە ئەمریکیە بێت کە ڕەش پێشتەکان دەیان ووت؛ یەکەمین کەسین دەسوتێن و دوایین کەسین کە گوێمان لێدەگیرێ ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی : ١٤ی جوولای ٢٠١٤

# شتێک دەربارەی ئومێد

مەریوان وریا قانیع

نووسەری گۆشەی (ئەو دیوی شتەکان)

ئایا دەکرێت لەناو ئەو شانۆ گەورەیەی کوشتنو سوتاندنو وێرانکردنەی ئەمڕۆکەی ناوچەکەدا ئومێدمان هەبێتو بیر لەئایندەیەکی باشتر بکەینەوە؟ ئایا دەکرێت



هیوایەکمان هەبێت بتوانین هەڵیبگرینو بوێرین بەرگریی لێبکەین؟ ئایا شتێک ماوە لەم ناوچەیەدا ناوی ئومێد بێت؟

بەر لەهەمو شتێک با لەو ڕاستییەوە دەستپێبکەم کە "کۆمەڵناسیی ئومێد" ئەو بەشەی زانستی کۆمەڵناسییە، کە لەهەمو بەشەکانی تری کۆمەڵناسیی کەمتر کاری تێداکراوە. بەبەراوردکردنی بەکۆمەڵناسیی ڕیسک، یان کۆمەڵناسیی ترس، یان کۆمەڵناسیی نەخۆشکەوتنو فەشەل، "کۆمەڵناسیی ئومێد" لەهەموان کەمتر گەشەکردوترە. تا ئەمڕۆش کایەیەکی زانستیی پێشکەوتو لەسەر لێکۆڵینەوە دەربارەی ئومێد بونی نییە. ئەوەی هەیە کۆمەڵێک نوسینە بەشێکی زۆری دەچێتە چوارچێوەی "کۆمەڵناسیی پزیشکییو تەندروستیی"ەوەو زیاتر لەو پەیوەندییە ئەدوێت کە لەنێوان نەخۆشو ئومێددا دروستدەبێت، بەتایبەتی نەخۆشێک کە ئومێدی چاکبونەوەی کەم یان نەبێت. لەم بوارەدا جۆرێک لە"سایکۆلۆژیای ئومێد" دروستبوە کە پەیوەندیی نێوان نەخۆشیی دەرونییو نەبونی ئومێد، یان نێوان نائومێدییو نەخۆشکەوتنی دەرونیی، لێکئەداتەوە. ئەم شێوازە تایبەتە لە"ئومێد" ئومێدێکی شەخسیی بەتایبەتیکراوە، ئومێدێکە بەستراوەتەوە بە"خودی تاکەکەس" خۆیەوەو دابڕاوە لەکۆمەڵگاو لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی لەدەرەوەی تاکەکەسدا ئامادەیە.

ئەوەی من دەمەوێت باسیبکەم ئەم دۆخە تایبەتەی ئومێد نییە، ڕوکارە شەخسییەکەی ئومێد نییە، بەڵکو ئومێدە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی، وەک بەشێک لە"سایکۆلۆژیای دەستەجەمعیی"، وەک ڕەگەزێک لە "ڕۆحیەتی کۆمەڵایەتیی". خۆشحاڵانە لەم بوارەشدا کۆمەڵێک نوسینی گرنگ هەیە، بەڵام ئەوانیش ناچنە قاڵبی بونو ئامادەگیی کایەیەکی زانستیی گەشەکردووەوە بۆ قسەکردن لەسەر ئومێد. لەساڵانی دوای جەنگی یەکەمو دوەمی جیهانییەوە بڕێکی بەرچاو لەنوسین لەسەر ئومێد بەمانا کۆمەڵایەتییو دەستەجەمعییەکەی نوسران. ئەو نوسینانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەوێرانکارییو کوشتنو بەکارهێنانە بەرفراوانەکانی توندوتیژیی ئەو سەردەمەوە هەیە. بەتایبەتی کاتێک مرۆڤو کۆمەڵگاکان لەوە ئاگاداربونەوە کە هێزی گەورەی وێرانکاریی لەناو دونیای مۆدێرندا ئامادەیە. بەگژاچونەوەی ئەزمونی فاشیزم، بەتایبەتی بەگژاچونەوەی "ئومێدە ناڕاست"و "ساختەکان"ی فاشیزم هۆکارێکی سەرەکیی گرنگیدانی ئەو نوسەرانەیە بەئومێد. ئێرنست بلۆخو ئاریک فروم لەم ڕووەوە بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە. ئەم دو نوسەرە لەناو کوشتارە گەورەکانی سەردەمی جەنگو وێرانەکانی دوای جەنگدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەگەری دەربازبون لەکوشتنو وێرانکاریی لەبەردەم مرۆڤایەتیدا ئەگەرێکی کراوەیە. بلۆخ پێیوایە ئومێد، کە پەیوەندی بەپێشبینیکردنی مێژووەوە هەیە، یەکێکە لەئاکارە گرنگەکانی مرۆڤ. مرۆڤ جیاواز لەگیانلەبەرەکانی تر، بونەوەرێکی خاوەن ئومێدە. ئەم نوسەرە تا ئەو شوێنە دەڕوات کە ئومێد وەک غەریزەیەکی ئینسانیی ببینێت، بەڵام غەریزەیەک مرۆڤ دەبێت فێربێت بەکاریبهێنێت. لای بلۆخ ئومێد بەتەنها بەس نییە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ، بەڵکو پێویستە ببەسترێتەوە بەمەسەلەی گۆڕانی دونیاوە. وەک دەبینین ئومێد لای ئەم نەوەیە دیاردەیەکی تاکەکەسیی نییە،

بەڵکو بەشێکە لەژیانی کۆمەڵایەتیی‌و بەشێکە لەمێژو. لەم ڕوانینەدا مرۆڤ دەتوانێت گۆڕانکاریی پیادەبکات، پێشبکەوێت، کۆمەڵگا بەشێوەیەکی باشترو ئینسانیتر ڕێکبخاتەوەو کۆتایی بەچەوساندنەوە کۆمەڵایەتییەکان بهێنێت. تاکەکەسیش دەتوانێت ئازادیی خۆی بپارێزێتو بەرگری لێبکات. ئومێد لێرەدا بەشێکە لەدو کایە: یەکەمیان کایەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی‌و سیاسیی‌و فەرهەنگییە. دوەمیان کایەی ئەخلاقە. ئومێد هەم بەشێکە لەئەخلاقو هەم بەشێکە لەدیدێکی ڕەخنەیی.

بەبۆچونی من ئومێد بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێدراوە بەباوەڕو ئیرادەی مرۆڤەوە، باوەڕو ئیرادەیەک لەوە ئاگاداربێت کە مرۆڤ هەمیشە شتێک لەتوانای هەڵبژاردنی لەنێوان ڕێگاو پێدراو و پێگەی ئەخلاقیی جیاوازدا لەبەردەمدایە، هەروەها بەوەشەوە گرێدراوە کەسێک یان کۆمەڵگایەک ئەو باوەڕە ناوەکییەی تێدابێت ئەوەی بڕیاری لێئەداتو دەستی بۆدەبات، دەتوانێت شتێکی جیاوازتری لێدروستبێت لەوەی کە هەیەو لەئارادایە. لەهیچ شوێنێکدا ئومێد لەخاڵی سفرەوە دەستپێناکات، لەڕاستیدا شتێک لەژیانی کۆمەڵایەتیدا بونی نییە ناوی خاڵی سفر بێت، لەدونیای کۆمەڵایەتیدا هەمیشە واقیعێک هەیە بەکۆمەڵێک ڕێگرو بەکۆمەڵێک ئەگەرەوە بۆ گۆڕان. باوەڕ بەوەی کە کردەی کۆمەڵایەتیی دەشێت ئەو ئەگەرانەی گۆڕان بخاتەکارو شتێک دروستبکات جیاواز لەوەی لەئێستاو لەڕابردودا باڵادەستبوە، بەشێکە لەئەگەرەکانی گۆڕانو سەرەتایەکی بچوکە بەرەو ئومێد. بەڵام ئەم باوەڕە نابێت تەنها باوەڕێکی سایکۆلۆژیی تاکەکەسیی بێت، کە پەیوەندیی بەدۆخی دەرونیی ئەم یان ئەو تاکەکەسەوە هەبێت، بەڵکو پێویستە بەشێک بێت لە"سیاسەتی ئومێد" . سیاسەتێک فەلسەفەکەی ئەمەبێت:"ئەوەی ئێستا هەیەو لەئارادایە دروستکراوێکی سروشتیی‌و حەتمیی نییە، شتێک نییە هێزێکی میتافیزکیی سەپاندبێتی، بەڵکو دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییەو بڕیارو کردەی هاوبەشیی مرۆڤەکان لە ڕەوتێکی مێژوویی دیاریکراودا دروستیکردوە" . بۆیە هاتنەکایەی بڕیارو ڕوانینو تێگەیشتنو کردەی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەشێت دەرگا لەسەر گۆڕانی ئەو دونیا دروستکراوە بکاتەوە.

ئەوەی ئەمڕۆکە تێبینی دەکرێت غیابی تەواوی ئەو زمانەیە بەم " ڕێزمانی ئومێد"ە قسەبکات. ئەوانەی ئەمڕۆ لەدونیای ئێمەدا ئومێدفرۆشنو مژدە بەئایندەیەکی باش ئەدەن دو بکەریی کۆمەڵایەتین کە لەهەمو شوێنێکی کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەن. یەکەمیان، سیاسییەکانن، کە زۆرینەیان مژدەکانیان ساختەو کەمتەمەنو پڕکراوە لەتەماحی شەخسیی. دوەمیان پیاوانی دینن کە مژدەکانیان درێژخایەنن، بەڵام مژدەیەکن سەر بەم دونیا نیین. پیاوانی دین ئومێدی گەیشتن بەبەهەشتێک دەدەن پڕ حۆریی‌و ڕوبارە هەنگوینو ڕوبارە شیر، نەک ڕوبارە "شیرمیز" . بەهەشتێک لەدەرەوەی زەمەنو لەدەرەوەی مێژو و لەدەرەوەی دونیادا. بەهەشتێک بێگومان هاوڕاو تەریب بەهەڕەشەو تۆقاندنێکی بێسنور بەجەهەنەم. ئەو زمانەی ئەم دو توێژە باسی ئومێدی پێدەکەن زمانی ریکلامو پڕوپاگەندەیە، ڕستەی کورتو بەڵێنی کورتو مژدەی کورتو هەڕەشەی کورت ڕێزمانەکەیەتی. ئەمانە هەرچییەک بن بەشێک نین لە"سیاسەتی ئومێد" .

ئەوەی من دەمەوێت بەرگریی لێبکەم ئومێدسازییەکی ساختە نییە، بەڵکو ئەو باوەڕە سادەیەیە کە لەناو هەر کردەیەکی کۆمەڵایەتیدا ڕەهەندێکی ئایندەیی هەیە، مرۆڤ لەدروستکردنی "ئێستادا" هەمیشە خەریکی دروستکردنی "ئاینده"شە. ئەمە وادەکات هەر یەکێک لەئێمە پەیوەندییەکی دیاریکراوی بەئایندەوە هەبێت، جا چ وەک ڕێگر یان وەک ڕێخۆشکەر. ئاینده دوژمنی زۆری هەیە، بەڵام ترسناکترین ئەوانەن ئەو قەناعەتمان تیادا دەچێنن کە ناشێت ئاینده لەئێستا جیاوازبێت، کە سبەینێ وەک ئەمڕۆیەو کە ئەمڕۆش بۆ هەتاهەتایە بەئەمڕۆیی خۆی دەمێنێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز / ڕێکەوتی : ٩ی جوونی ٢٠١٥

# ئیسلامو داعش

جەمال حسێن

بێگومان داعش یەکەم گروپی ئیسلامی توندرەو نیە، یەکەم هێز نیە هەمو بەها مرۆییەکان بخاتە ژێرپێی و بەدرندانەترین شێوە روبەروی هەموان نەبێتەوە و



دواینیشیان نابێت. بەڵام تائێستا هیچ هێزێک نەبوە ئەوەندەی داعش دەنگدانەوەی ئیعلامی بەدوای خۆیدا بێنێ، بەشێکی ئەم دەنگدانەوەیەی ئەم هێزە لەئاستی جیهان بۆسروشتی درندەیی و بێشەرمی ئەو هێزە دەگەرێتەوە لە پیادەکردنی توندرەویی و بەشەکەی تریشی لەو حەزو مەیلە زۆرەی ئەو هێزەوەدێت بۆنمایشکردنی کردەوە قێزەونەکانی و بڵاوکردنەوەی بەجیهاندا، هەر لەسوتاندنی دیل و سەربرین و تەکنیکەکانی تری پیشەسازی مەرگ. لێرەوە قسەکردنی بەردەوام لەسەر ئەو هێزە، فەزای هەرە زۆری راگەیاندن و نوسەران و خەڵکی ئاسایشی داگیرکردوە. بەجۆرێک کەساڵێک زیاترە هیچ بابەتێک بەئەندازەی داعش و کردەوەکانی نەبوە بە مادەیەک بۆ قسەکردن. پرسیارەکانیش بەگشتی ئەوانەبون : ئەم هێزە لەکوێوە هاتوە؟ گوتارە فیکریەکەی چییە؟ هۆکارەکانی دەرکەوتن و زاڵبونی چین؟ کێ لەپشتیەوەیەتی و هاوکارەکانی کێن؟ سەرچاوە مادیەکانی کامانەن و داهاتوی بەرەو کوێ دەچێ و چیش لەدوای خۆی جێدێڵێ و زۆر پرسیاری تری هاوشێوە؟ ئێمە لێرەدا بەسەر هەمو ئەوانەدا بازەدەین و هەوڵدەدەین لەرێی ئەم کورتە نوسینەوە رایەکی تر لەسەر پەیوەندی داعش بە ئیسلامەوە بخەینەرو.

لەماوەی رابردودا، قسەیەکی یەکجار زۆر لەسەر پەیوەندی داعش وەکو بزوتنەوەیەکی توندرەوی ئیسلامی سیاسی بە ئاینی ئیسلامەوە کراوەو دەکرێ، لایەک هەیە پێی وایە داعش هیچ نیە جگە لەجەوهەرو روحی ئیسلام، کردەوەکانی ئەو دەقاودەق جێبەجێکردنی پەیامی ئیسلامەو لایەکی تریش هەیە بەردەوام ئەوە دەڵێتەوە کە ئیسلام لە کردەوە و سلوکی درندانەی داعش بێبەریـیە وە ئەوەی ئەمان دەیڵێن و دەیکەن نەدایکی هەیەو نەباوک. بەواتایەکی تر بەگشتی بەشی زۆری قسەکردن لەسەر داعش وەکو ئاراستەیەکی فیکری و وەکو گوتارێکی مەزهەبی دابەش دەبێتە سەر دووبەرەی تەواو ناکۆک، بەرەیەک پێمان دەڵێ داعش ئیسلامی راستەقینەیە، بەرەکەی تر بە دەرچو لە ئیسلام و هەڵگەراوە لە مێژوی ئاینی سەیری دەکەن. پێش ئەوەی هیچ قسەیەک لەسەر ئەو دوو تێگەیشتنە کورت و خێرایە بکەین بۆ داعش، دەبێ سەرەتا بەیەکەوە بگەرێینەوە بۆدوو فۆرمی تەواو جیاواز لەدەرکەوتنی ئاینداری لەناو کۆمەڵگادا. کەیەکێکیان بەپێی میتۆدی کۆمەڵناسی پێی دەوترێ ئاینداری میللی و ئەویتریان ئاینداری فەندەمەنتالیست یان ئایدۆلۆژی. لەدۆخی یەکەمیاندا، دین هەمو شوناسی کۆمەڵگا پێک ناهێنێ، بەڵکو رەگەزێکی سەرەکیە بەتەنیشت چەندین رەگەزی تری کۆمەڵایەتیەوە، تاکە سەرچاوەی سلوکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو بەشێکیەتی. ئاینداری میللی کۆی بیرو باوەرو رێورەسمە ئاینیەکانی هەرکۆمەڵگایەکە لە قۆناغێکی مێژوییدا، بەشێکە لە وشیاری گشتی، تێکەڵەیەکە لەئاین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی. لەم قۆناغە دین بونەوەرێکی ئیجابی کۆمەڵگایە، پیاوانی ئاینیش تەنها نوخبەی ئاینی نین، بەڵکو نوێنەرایەتی دنیاشن، پێگەی ئاینی ئەوان لەهەمانکاتدا پێگەیەکی کۆمەڵایەتیشە. بەم واتایە دینداری دۆخی نەرم و سروشتی کۆمەڵگایە، بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو بەشدارێکە لەفیعلی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵام تاکە بەشدارنیە، کاریگەریی دیاری هەیە بەسەر کۆی پرسە دنیاییەکان، بێ ئەوەی تەحریمی کاریگەری و تەکفیری رەگەزە نائاینیەکانی تربکات. فۆرمی دووەمی ئاینداری، ئەوەیە کە تیایدا دین بەئایدۆلۆژیادەکرێ، تەنها لەگۆشەنیگای دین و حەڵاڵ و حەرامەکانیەوە کۆی دیاردەو پرسەکۆمەڵایەتیەکان دەپێورێن. لەم قۆناغە دین دەبێتە تاکە مەرجەعو کۆی مەرجەکانی تری پێکهێنانی وشیاری کۆمەڵایەتی و کاریگەر بەسەر ژیاندا دەکاتە دەرەوە،

لێرەوە ئیدی دین دەگۆڕێ بۆ گوتارێکی زاڵ و بێ ڕکابەر. کەدین کرا بە ئایدۆلۆژیا، کۆی حەقیەتی ژیان لەلایەن پیاوانی ئاینیەوە قۆرغدەکرێ و هەمو شتێک دەخرێتەوە بەر پێوەرەکانی بیرو باوەڕو شەریعەت. زۆر هۆکاری ئابوری و سیاسی و کەلتوری هەن لەپشت ئەم بازدانەی دینداریەوە دەوەستن لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ دیاردەیەکی ئایدۆلۆژی، بەڵام سەرەنجام ئەوەی ڕودەدات بریتیە لەهەڵتەکاندنی دینداری میللی و گۆڕینی بەوزەو هێزێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی. ڕەنگە سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، قۆناغی یەکەمی ئەو ئاڵوگۆرە بوبن کەبەسەر ئاینداری میللیدا هات لەجیهانی عەرەبی،

بەتایبەت دوای دەرکەوتنی بزوتنەوەی وەهابی لە حیجازی ئەوکات و سعودیای ئێستا، بەتایبەتتر دوای دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە چارەکی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، ئیدی ئیسلامی ئایدۆلۆژی ڕۆژ بەڕۆژ فشارەکانی بۆسەر ئاینداری میللی زیادی کرد و لەبری نوخبەی پیاوانی ئاینی کۆن، کە بەزۆری موتەسەوف و دەروێش و شێخەکانی تەکیەکان بون، نوخبەیەکی تری ئاینی وەهابی و بانگەوازخوازی سیاسی خستە شوێنیان. داعش وەکو بزوتنەوەیەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی لەڕوی کەلتوریەوە سەر بەقۆناغی دوەمی ئاینداریە، لقێکە لەداری ئیسلامی سیاسی، سەرێکە لەسەرەکانی عەزیایەک، کەلاشەکەی ئیسلامی سیاسیە و چەندین سەری تریشی هەیە. ئەمە مانای ئەوەنیە کە هەمو هێزێکی ئیسلامی سیاسی داعشە، بەڵام بێگومان داعش ئیسلامی سیاسیە. لێرەوە لەقۆناغی ئاینداری میللیدا، هەمان ئەو ئیسلامە، خانی و جەزیری و مەولاناو نالی و مەلای گەورە و حاجی قادرو سەدان موتەنەورو ژیاندۆستی لەکۆمەڵگادا پەروەردەکردوە، ئیسلامی سیاسیش جگەلەجەنگاوەرو کادری حیزبی و بانگەوازخواز شتێکی تری لێ نەکەتۆتەوە. لێرەوە لەو پرسیارە دەگەین کەنوسەرێکی عەرەب لەشوێنێکدا دەیکات، کاتێک دەڵێ نهێنی ئەوە چییە ئیخوان کە خاوەنی دورو درێژترین مێژوی سیاسیە لەمیسری هاوچەرخ، نەیتوانیوە تا ئێستا هونەرمەندێک، سینەماکارێک، شانۆکار یان شاعیرێک یان وەرزشوانێک بەرهەم بێنێ، بەڵام بە ملیۆنان بانگخواز و مەلای توندڕەو و جەنگاوەرو کادری دڵسۆزی دروستکردوە؟ بەپێچەوانەشەوە دەیان هونەرمەندی لەپیشەکانی خۆیان پەشیمانکردۆتەوە؟ لێرەوەیە مێژوی ئاینداری میللی مێژوی عیرفان و شاعیرو فەیلەسوفە ئاینداەکان و متەسەوفە گەورەکانی وەکو ئیبن عەرەبی و جەلالەدینی ڕومی و حافزو مەولەوی و سەدانی ترە، بەڵام ئاینداری ئەرسەدۆکسی مێژوی حەجاج و ئیبن حەنبەل و ئیبن تەیمیەو ئیبن وەهاب و سەدانی ترە. لەسەردەمی نوێشدا، هەمان ئاینی ژیان دۆستی نالی و عیرفانی مەحوی و نیشتیمانپەروەری خانی و کوردایەتی حاجی قادر دەگۆڕێ بۆ دینداریەکی پڕ لە قیرەقیرو هەڕەشەو توندڕەوی و هەڕەشە بۆسەر کۆمەڵگا. ئەگەر لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیەوە ئاور لەدەرکەتەی ئاینی بدەینەوە، بەو پێیەی گەورەترین و کۆنترین پاشماوەی خەیاڵدانی کۆمەڵایەتیە، ئەوا تێدەگەین کەهیچ کات ڕۆڵی ئاین لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، ڕۆڵێکی داخراوو زبرو توندڕەو نەبوە، بگرە هیچی تازەمان نەوتوە ئەگەر بڵێین لەمێژوی ئاینداری ئێمەدا، تەنها یەک پیاوی ئاینی توندڕەو و وەهابی بونی نیە، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی نوێ و ئایدۆلۆژیە. نەمان بیستوە تەنها یەک مەلا لەبەرامبەر گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک، یان مامڵێ و دەرکەتنی عایشەشان و شیعرەکانی مەحوی‌و ڕشتەی مرواری سوجادی تەنها جارێکیش بەزمانی حەڵاڵ و حەرام قسەیان کردبێ، بگرە ڕاست بەپێچەوانەوە، بەشێکی ئەمانە یان مەلا بوون، یان بەرهەمی حوجرەکان بوون. لەو سەردەمانە مەلای گەورەی کۆیە بەکەڵک وەرگرتن لەپێگە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکەی، وەبەگەڕانەوە بۆ ئاین هانی دایک و باوکانی دەدا کچان بنێرنە بەرخوێندن، بەڵام پاش تێپەڕینی نزیکەی سەد ساڵ، جارێکی تر تایپێک لەمەلا دەرکەتون کە ئەم کارە بەحەرام و بیدعەدەناسێنن. کەواتە پەیوەندیی نێوان داعش و ئیسلام، لەو ئاڵوگۆڕەوە دێت کەبەسەر وەزیفەی ئاینیدا هاتوە لەناو هەناوی کۆمەڵگا، وەبێ تێگەیشتن لەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیە، نە لەڕۆڵی ئاین دەگەین و نەلەداعشیش وەکو فیکرو وە کو گوتار. داعش دەرکەوتەیەکی سیاسی ئایدۆلۆژیە، بەشێک نیە لەجەوهەری دین، سەردەمێک هەبوە هەمان دین هەبوەو پیاوانی ئاینی بونیان هەبوەو توندڕەویش بەشێک نەبوە لە سلوکی گشتی کۆمەڵگا و نوخبەی ئاینی. بەڵام ئەمە هیچ کات مانای ئەوەی نیە کەتوندڕەوی ئاینی تەنها دیاردەیەکی مۆدێرنە، وە ڕەگ و ڕیشەکانی بۆسەردەمانی پێش مێژووی هاچەرخ ناگەڕێتەوە، تەنها ئەوەنەبێ کەلەسەردەمی نوێدا چانسی زاڵبون و بڵاو بونەوەی زیاترە. کەلتوری ئیسلامی، تەنها خاوەنی یەک قوتابخانەی فیکری و یەک ئاراستەنیە، بەڵکو تێکەڵیەکی یەکجار ئاڵۆزو فرە ڕەهەندە، هەر لەشیعەو سونەوە تا دەگاتە موعەزیلەو متەسەوف و خەواریج و ئەشعەری و حەنبەلی و قوتابخانەی فیقهی هەمەجۆر و ناکۆک. لەو مێژوەدا بەهۆکاری سیاسی کەچەندین جاریتر بەدرێژی باسمانکردوە سەرەنجام قوتابخانەی حەنبەلی لەسەدەمی متەوەکیلەوە توانی بەسەر بازاری ئاینیدا بسەپێنێ و گوتاری فەرمودەناسی خۆی زاڵبکات بەسەر هەموان، گروپەکانی تری بە بیدعەو کوفر ناساند و لەکۆی کۆمەڵگادا قەدەغەیکردن، چەندی توانی بەرهەمەکانی سوتاندن، ئەوەی پێشی نەکرا تەحریمی کرد. لێرەوە ڕاستە داعش بۆ هەمان ئەو کەلتورە فیقهی و عەقائیدیە دەگەڕێتەوە کە لە ئیبن حەنبەلەوە دەگاتە ئیبن تەیمیەو لەویشەوە دەگاتە ئیبن وەهاب، بەڵام خودی ئەو کەلتورە مێژوییە، بەرهەمی بڕێکی زۆر ناکۆکی و ململانێیی دنیایی و سیاسیە، لێکەوتەی مەیلێکی مرۆییە بۆ قۆرغکردنی حەقیقەتی خوایی و سەپاندنی جۆرێک لەبیروبارەوەری ئەرسەدۆکسی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی چاودێر نیوز / ڕێکەوتی : ١٥ی مەی ٢٠١٥

# فەیلەسوفەکان چۆن سێکسیان کردووە؟

وەرگێڕانی لە دانیمارکیەوە: ئالان پەری

(فرانسوا بینیل)، سەرنووسەری گۆڤاری Lire ی فەرەنسی، لە سەروتاری گۆڤارەکەی دەنووسێ کە هیچ پێویست ناکات لە 1ی ئایار کە دەکاتە ساڵیادی 68 هەمینی دەرچوونی گۆڤارەکە تەرخان بکات بۆ ئەو یادە، بەڵکوو ئەبێ جیاواز بێت و ئەو جیاوازییەش بیرۆکەی ژمارەی گۆڤارەکە تەرخان کرا بۆ (چۆنییەتی سێکسکردنی فەیلەسوفەکان).



یەکێک لە ناونیشانی شۆڕشی ئایار ئەوە بوو: (خۆش بژین و لەگەڵ سێکسدا بێ هیچ بەربەستێک چێژ وەرگرن) لەو ڕوانگەیەوە (جان مونتنینو) هەوڵی ئامادەکردنی دۆسیێیەک لەسەر چۆنیەتی سێکسی فەیلەسوفەکان تەرخان کرد و بەو ناونیشانە دەری کرد، (چۆن فەیلەسوفەکان سەیری سێکس دەکەن و چۆن پەیرەوی دەکەن؟) فایلەکە بریتی بوو لە چەندین فەیلەسوفی ناوداری جیهان کە ئەمانە هەندێکیان بوون:

## (دیوجین)ی دەسەتپەڕچی

دیوجین یەکێکە لە فەیلەسوفە ئاوارە و بێ لانەکان و ئەوانەی شوێنی نیشتەجێبونی نەبووە، هاوەڵەکانی ژیانەکەیان چواندووە بە (ژیانی سەگ). ناوبانگی ناوی دیوجین بە (دیوجین-ی سەگ) ناسراوە ، ئەو کاتەی کە هەوڵی تەزویرکردنی پارەی دا، کاتێک لەلای باوکی کاری دەکرد و لەوێوە دەرگاکانی فەلسەفەی ژیانی بۆ کرایەوە: قبوڵ نەکردنی بابەتەکان بەشێوازێکی تایبەتمەند وای لێ کرد بینینیکی جیاوازی هەبێت بۆ شتەکان.

دیوجین بە شەقامەکانی ئەسینا یان میگار یان هەر شارێکی یۆنانی وەک بێ چارەیەک دەگوزەرێ بە جلێکی پیس و بۆگەنەوە لە نا وبەرمیلێک دەخەوت، بێ ئەوەی جێی خەوی بگۆڕێ. هەتا کار وای لێ هات ئەسکەندەری گەورە بڕیاریدا یارمەتی و دەستی کۆمەکی بۆ ڕابکێشێ، بەڵام دیوجین بەم شێوەیە وەڵامی ئەسکەندەری گەورە دەداتەوە: لاچۆ تۆ بە سێبەرەکەت هەتاو لە ڕووخسارم لادەدەی!

هەرچەندە دیوجین بە ئازایەتی و زوو هەڵچوون ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش یەکەم پاڵەوانە لە دەستپەڕ و تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ مەسەلەی هاوسەرگیری کە پێی وایە پرۆسەی هاوسەرگیری مەیدانێکە بۆ چەند گرێ کوێرەی هەمیشەیی.
بەو پێیە زیاتر لایەنگری شتێک ئەکا کە بۆتە پیشەیەک و دواتر لە ڕێیەوە داخوازیەکانی خۆی بە دەستی خۆی بەدی دەهێنێت، ئەگەر نا ئەوا دەستپەڕ بە باشترین ڕێگە دادەنێ: چەند جوڵەیەکی خۆییە بۆ بەدەستهێنانی خودێتی بێ ڕکابەر ... بەڵێ ئەمەش (دیوجین)ە!!

## قەدیس ئوگستین-ی تۆبەکار

پێش ئەوەی بە قەدیسێکی مەسیحی بناسرێ، پیاوێک لە باکوری ناوەڕاستەوە، حەزی زۆر لە شەهوەت و لەزەتتە، وەک چۆن دەوترێ ئەگەر لەشوێنێک گورەگەکان زۆربوون هەر لەو شوێنەش لێبوردن دەبێ، بەڵام ئەو پیاوە هەر خۆی بڕیاری لێبوردنی خۆی لە شەهوەتە زاتییەکانی خۆی ڕادەگەیێنێ و هێرشیش دەکاتە سەر شەهوەتە جەستەییەکان، ئوگستین وازی لە هەموو کارەکانی جارانی هێنا و تۆبەی خۆی ڕاگەیاند و دەڵێ نیکاح جوڵەی عەقڵی مرۆڤ دەشکێنێ، بێ ئەوەی پێمان بڵێ کە پێچەوانەکەی ڕاستە!

## نەخۆشی ئوگست کونت

ژیانی سێکسیی ئەو بلیمەتە فەیلەسوفە بەسەر 3 ژندا دابەش بووە:

یەکەمیان بولین ی دایک: ئەم ژنە مانای خۆشەویستی پێ بەخشی، ئوگوست لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە بولین-ی ناسی کاتێک دایکێکی ٢٥ ساڵە بوو.

دووهەمیان کارۆلین ی سۆزانی: ئوگست لە یەکێک لە گەشتەکانی لە ناوچەی "بالی روایال" لە پاریس چاوی بە کارۆلین دەکەوێ و بڕیاری مارەکردنی دەدات، چونکە لەو شوێنە کاری دەکرد و ئیشەکەشی زۆر هیلاکی دەکرد، بۆیە پێوستی بە کەسێک بووە کە ئاگاداریی لێ بکات و لەگەڵی بێ، ئەم ژنە لە دوایدا واز لە ئۆگست دەهێنی بەهۆی ئەوەی خۆی نەیتوانی واز لە کارە خراپەکانی بێنێت و هەروەها نەگونجانی لەگەڵ ئوگوست-ی ئەتوار سەیر کە هەمیشە ڕێک نەدەکەوتن بەیەکەوە.

سێهەمیان کلوتیلد-ی قەدیسە: کلوتیلد چەندین جار ڕەتی کردەوە بە شێوەیەکی هەست و جەستە لەگەڵ ئوگست پەیوەندی بگرێ و بە خوشکەکەی خۆی وتووە "ئوگست چەند ناشرینە چەند ناشرینە!" لە ڕوانگەی ئەوەی ئوگست شێوە ئیلتیهابێکی سوور بە دەمووچاویەوە هەبوو، ئەم ژنە پێش ئەوەی بمرێت، ڕۆژێکیان ئوگست لەبەردەم قەبرەکەی ئەوەی وت: "ناتوانین هەموو کاتێک بیربکەینەوە، بەڵام ئەتوانیین هەمیشە خۆشەویستی بکەین!"

## ڕاستیی دیدردو

هەرچەندە هەمووان نووسینەکانی دیدرو بە باسکردنی دوایێن پیسی دەناسین، بەڵام ژیانی تایبەتی دیدرو زۆر جیاوازە لە شێوازی نووسیەنەکانی بە تایبەت سەبارەت بە بەدەوروخول نەهاتنەوەی هاوسەرەکەی (نانیت) و درەنگ هاتنەوەی بۆ ماڵەکەی و پەرۆشی بۆ بینینی (سۆفی یان هنریت فولون) خۆشەویستە گەورەکەی هەروەها پەیوەندییە سێهەمینەکەی لەگەڵ ژنێکی تر و تەنانەت چەندین جار ویستویەتی لەگەڵ دوو ژنی لاسییان کە بەیەکەوە دەستبازی بکەن و دیدردو لەگەڵیان بخەوێت.

## کارل مارکس و بەخێوکەرەی مناڵەکەی

ئەوەندە ئاسان نییە لە نووسین و کتێبەکانی مارکس شتێک لەسەر سێکس و ژیانی ئەزموونی پیاو سەبارەت بە سێکس بدۆزینەوە، ئەوەی کە ڕوویدا کە غەریزەی سێکسی لەلای کارل مارکس بەرزبووەوە و لە ماڵە لەندەنییەکەی لە مەنفا لەگەڵ بەخێوکەری مناڵاندا پەیوەندیەکی سێکسی دەگرێت و مناڵێکیشی لێ دەبێت، ئەی هەر کارل مارکس نییە کە دەڵێت: "فەلسەفە لە واقیع وەک ئەوە وایە کاری سێکسی لە ئالودەبوونی دەستپەڕکردن چڕ ببێتەوە"

## هایدگەر و کچە جولەکە جوانەکە

هایدگەر بەوە ناسراوە کە زۆر سەخت بووە لەگەڵ خوێندکارەکانی کاتێک کە وانەی فەلسەفەی وتۆتەوە لە زانکۆ، هەروەها وایان دەوت کە چاوە تیژەکانی راهیبەیەک بە چۆک دەدات.

مارتن هایدگەر لەگەڵ ئەلفریدە بیتری ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوە، بەڵام کچێکی جوانکیلەی جولەکایی خوێندکاری فەلسەفە دەبێت لە زانکۆی ماربورگ ژیانی مامۆستاکەی دەگۆڕێت، ناوی هانا ئارێنتە و زۆر بە هایدگەر سەرسام دەبێ و بە ( پاشای نهێنی هزر)ی لە قەڵەم دەدات.

هایدگەر دەیویست لەو کچە لە سەرسامیی زیاتری چنگ کەوێ، بەڵام ژیان وای لەو دوانە کرد کە نەتوانن هەستی خۆیان بۆ یەکتری ئاشکرا بکەن، هانا بەوە ماویەوە کە لە یادی هەشتا ساڵەی هایدگەردا تەنها و تەنها بەوە یادی بکاتەوە و پێی بڵێ: (من لە هایدگەرەوە فێری بیرکردن بووم.)

من زیاتر گیرۆدەی ئالودەبوونی دەستپەڕ بووم وەک لەوەی تینوو بە سێکس، ئەمە قسەی سارتەر بوو، سارتەر سەرەڕای خۆشەویستی زۆری بۆ ژنان، بەڵام هەمیشە سارد بووە بەتایبەت لەگەڵ هاوڕێ هاوسەرەکەی سیمون دو بۆڤوار.

سارتەر دەڵێ من هیچ شەرمێک لەوە ناکەم کە زەکەرم زوو هەڵدەستێ، بەڵام ئەوە بێزارم دەکا کە ناتوانم بە چێژی ڕاستەقینە بگەم و تەنها هەست بە لەرزینێکی کەم دەکەم لە کۆتایی هەر پەیوەندییەکی سێکسی.

سیمون دو بۆڤوار بۆ بیلسۆن ئالگرین دەنووسێ: سارتەر کەسێکی زۆر هەستیارە و لە هەموو شتێک چوست و چالاکە تەنها لە جێگای خەو نەبێت!

سارتەر خۆی بە ئاشکەرا دەڵێت من حەز ئەکەم لەگەڵ ژنێک بکەومە دەستبازی وەک لەوەی تێکەڵی بم و جووت بین. سارتەر ئەتوانێ واز لە هەموو شتێ بێنێ، بەڵام ناتوانێ لەگەڵ لەززەت بگاتە یەک.

## هۆمۆسێکسواڵی پارت و فۆکۆ

هەندێ کەس لەوانەیە تووشی سەرسوڕمان بێت کاتێک دەبیستێ کە پارت دوای مردنی دایکی وەک سولرس-ی لێ دێت و باوەڕ بە هۆمۆسێکسواڵی خۆی دەکات، لەگەڵ ئەوە پارت بایەخێکی فیکری گەوەرەیە و پێویستە لەسەرمان پارت-مان خۆش بوێ. فۆکۆش لایەنگری هەمان بۆچوون دەکات بەڵام کەسێکی مەزنە.




لە کۆتاییدا ناتوانین باسی ژیانی سێکسی ئەو هەموو فەیلەسوفانە بکەین کە لە گۆڤارەکە هاتووە، بەڵام بە دوو تێڕوانینی فرۆید سەبارەت بەو مەسەلەیەوە کۆتایی دێنین بە باسەکەمان:

یەکەمیان، فرۆید دوای چەندین ساڵ لە خوێندنەوەی ڕۆحی ژن، سەبارەت بە حەزەکانی مێ لە کاتی سێکسدا هەر بێ ئەنجام مایەوە و نەیزانی کە ژن چی دەوێت. دووەمیان، لە گشتگیری باسەکانی بۆ سێکس، فرۆید دەڵێ ژیانی سێکسیمان ڕووبارێکی بەستوو نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵگیرسانی هەموو بڕبڕەکانی ژیانی دەروونیمانە.

سەرچاوە: سایتی گۆڤاری لیری

سەرچاوە : ماڵپەڕی چاودێر نیوز / ڕێکەوتی : ١٣ی جوونی ٢٠١٥

# دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل

ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم

ڕۆژی ١٤/٥/١٩٤٨ یادی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلە، داڤید بن گۆریۆن (**David Ben Gurion**) پێشتر لەگەڵ ئینگلیزەکان لەم بارەوە ڕێکەوتبوو، بۆیە تەنها هەشت سەعات دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئینگلیز و کۆتایی هاتنی سیستەمی ماندات لەو ناوچانەی کە ئەمڕۆ بە دەوڵەتی ئیسرائیل ناسراون، جارنامەی دروستبوون و دامەزراندنی ئیسرائیلی ڕاگەیاند و خۆشی بوو بە یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش پێشتر و لە مانگی نۆڤێمبەری ١٩٤٧ بە فەرمی بڕیاری دابەشکردنی فەلەستینی بۆ دوو دەوڵەتی جولەکە و عەرەب دەرکردبوو.




سەربارى ئەوەی جولەکە ٣٧٠٠ ساڵ بەر لەئێستا لەو ناوچەیەدا ژیاون و لە کتێبی پیرۆزی تەورات، خوداوەند بەڵێنی ئەو ناوچەیە بە پێغەمبەر ئیبراهیم و نەوەکانی داوە، بەڵام عەرەبەکان هەتا ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا ناکۆکن و چەندین جار جەنگیان لە دژی ڕاگەیاندووە، یەکەم جەنگ لە هەمان ئەو ساڵەدا بوو کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، لەو جەنگەدا شانشینی میسر و ئوردن و سعودیە و عیراق و سوریا و لوبنان بەشدار بوون تێیدا و هەتا مانگی مارسی ١٩٤٩ی خایاند، عەرەبەکان تێکشان و جووەکانیش دەسەڵاتی خۆیان بەسەر زۆربەی ناوچەکەی ژێر مانداتی ئینگلیزدا گرت. دوای ئەو جەنگە چەندین جەنگی دیکە لە ساڵەکانی ١٩٥٦ و ١٩٦٧ و ١٩٧٣ ئەنجامدران، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی ئەوتۆ لە واقعی ئیسرائیل بگۆڕێت...

عەرەبەکان هەتا ئەمڕۆش ئیسرائیل بە قەوارەیەکی دروستکراو یاخود بە دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرستی ئاینی ناوی دەبەن و جگە لە میسرو ئوردن کە لە ڕێگای پەیمانی ئاشتی کامپ دەیڤد ددان بە بوونی ئەو دەوڵەتەدا دەنێن، زۆربەی دەوڵەتەکانی عەرەب بە ئاشکرا ئەو کارەیان نەکردووە. ململانێی نێوان عەرەب و جولەکە بە ململانێی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەناسرێت و کاریگەری ئەو ململانێیە ڕاستەوخۆ بەسەر زۆربەی هەرە زۆری خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە، چونکە ئەو دەڤەرە شوێنی کۆبوونەوەی زۆربەی دیانەتەکانی وەکو ئیسلام و مەسیحی و جولەکەو ئەوانی دیکەیە. دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ شارستانیەتی خۆرئاوا پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژیە، بە تایبەت کە لە ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا جولەکەکانی ئەوروپا کەوتنە بەر شاڵاوی جینۆسايد.

زۆرێک لە بیرمەندان لەو باوەڕەدان قوڵ بوونەوەی ململانێ لە نێوان جولەکەو عەرەبەکاندا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕژێمە عەرەبەکانی ناوچەکە، کە زۆربەی هەرە زۆریان تۆتالیتار و دیکتاتۆرن و قەیرانەکانی خۆیان لە نەبوونی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی سیاسی دەبەستنەوە بە ئیسرائیلەوە.

## بایەخی خۆرئاوا بە ئیسرائیل:

ئیسرائیل هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمەریکا و ئەورووپیەکانە، ئەو وڵاتە ڕاستەوڕاست وەک بنکەیەکی ئەو دەوڵەتانەیە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ پاراستنی

بۆ لاپەڕەی : ٢١

# سەلاحەدین دەمیرتاش" کێیە؟

**ئامادەکردنی: ئێن ئێن ئێس رۆژ**

شرۆڤەکارانی سیاسیی تورکیا، "سەلاحەدین دەمیرتاش"، هاوسەرۆکی گەنجی " پارتی دێموکراتیکی گەلان"، وەک یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی سەرکەوتنی هەدەپە لە هەڵبژاردنی حەوتی ژووئەندا لەقەڵەم دەدەن.



دەمیرتاش لەدایکبووی ١٠ ئاپریلی ساڵی ١٩٧٣ لە پاڵۆی ئەلعەزیز لە باکووری کوردستانە. ناوبراو کوردی زازایە و دەرچووی کۆلێژی یاسایی زانکۆی ئانکارایە. دەمیرتاش بەر لەوەی بە شێوەی ئەکتیڤ بێتە ناو سیاسەت، لە بەڕێوەبەرانی لقی ئامەدی "کۆمەڵەی مافی مرۆڤ [IHD]"بوو. ناوبراو هەروەها لە دامەزرێنەرانی لقی ئامەدی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و " رێکخستنی مافی مرۆڤی تورکیا"شە .

سەلاحەدین دەمیرتاش پاش داخرانی " پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیک[DTP]"، کە برایەکەی "نورەدین دەمیرتاش"، سەرۆکی بوو، هاتە ناو پارتی ئاشتی و دێموکراسی [BDP]و لە کۆنگرەی فێبرواری ساڵی ٢٠١٠ی بەدەپەدا وەک هاوسەرۆکی بەدەپە هەڵبژێردرا.

## ئاشنابوون بە دۆزی کورد و هاتنە ناو سیاسەت

دەمیرتاش دەڵێ لە مانگی مارسی ١٩٨٨ای زایینی، کاتێک خوێندکاری پۆلی دووی دواناوەندی بووە، بە بیستی دەنگی دروشمی خۆپێشاندەران لە دەرەوەی قوتابخانەکەی لە ئامەد و ئاخافتنی مامۆستاکەیان لەسەر چەرمەسەرییەکانی کورد بەدەست حکوومەتی سەددام حوسێن و کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆ یەکەم جار زانیوییەتی کە ئەویش سەر بەو نەتەوە ستەملێکراوەیە بەڵام هەر بە پێشنیاری مامۆستاکەی، هەوڵ دەدا لە سیاسەت نزیک نەکاتەوە هەرچەند ئەشقی بە موزیکژەنی، لە موزیکی کوردی نزیک دەکاتەوە و ناچار دەبێ ساڵانێک بەدزی دایک و باوکی، گوێ لە گۆرانی کوردی بگرێ .

ناوبراو دەگێڕێتەوە کە شوێنبزرکرانی سەرۆکی پارتی رەنجی گەل [HEP]لە ساڵی ١٩٩١ای زایینی و دۆزرانەوەی تەرمەکەی پاش سێ رۆژ و ئاڵۆزییەکانی ئامەد دوای ئەو رووداوە، بۆ یەکەم جار سەرنجی راستەوخۆی ناوبراوی بۆ سیاسەت راکێشاوە .

هەروەها قۆڵبەستکرانی برایەکی بە تۆمەتی ئەندامەتی لە رێکخستنی گەنجانی پەکەکە لە زانکۆی "موغولا" و مەحکوومکرانی بە ٢٤ ساڵ زیندان بەهۆی نەبوونی دەرفەتی ماددی بۆ گرتنی پارێزەر، وای لێ کردووە کە خوێندن لە بواری بەڕێوەبەری دەریاوانی لە زانکۆی ئیزمیر جێبهێڵێ و ساڵی ١٩٩٣، لە زانکۆی ئانکارا دەست بە خوێندنی یاسا بکات .

ساڵی ٩٥، هەر لە زانکۆ هەوڵی داوە بچێتە شاخ بەڵام بە گیرانی لینکە تەشکیلاتییەکەی، پلانەکەی لێ ئاشکرا بووە و دواتر بەم هۆیە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ قۆڵبەست کراوە.

## لە پارێزڤانیی مافی مرۆڤەوە تا سەرۆکایەتیی بەدەپە



دەمیرتاش لە ساڵی ٢٠٠٠وە بۆ ئەملا، لەگەڵ عوسمان بایدەمیر و کۆمەڵێک یاساناس و چالاکی مافی مرۆڤ، لە بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی مافی مرۆڤدا بووە و بەدواداچوونی بۆ سەدان دۆسیەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە باکووری کوردستان کردووە. پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٤دا، بایدەمیر بۆتە شارەداری گەورەشاری ئامەد، سەلاحەدین دەمیرتاش جێی ناوبراوی لە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی مافی مرۆڤدا گرتۆتەوە .

ناوبراو بە هۆی بەشداری لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی ڕۆژ تیڤی لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینیدا، بە تۆمەتی پڕۆپاگەندەکردن بۆ پەکەکە، سەرەتا بە ساڵێک زیندان مەحکووم کرا بەڵام دادگای پێداچوونەوە، دواتر سزاکەی بۆ پێنج ساڵ زیندانی هەڵپەسێدرا گۆڕی.

سەلاحەدین دەمیرتاش لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینیدا لە جێگەی خەتیب دیجلە، لە ئامەد وەک کاندیدی سەربەخۆ لە لیستی دەتەپە کاندید کرا و توانی نوێنەری ئەو شارە لە پارلەمانی تورکیا. دەمیرتاش لەو ساڵانەدا وەک جێگری بەرپرسی فراکسیۆنی دەتەپە لە پارلەمانی تورکیا درێژەی بە سیاسەت دەدا بەڵام بە داخرانی حیزبەکە لە بەهاری ٢٠٠٩دا، تێکەڵ بە بەدەپەی دەستەخوشکی **DTP** بوو.

دەمیرتاش، پاش داخرانی دەتەپە و قەدەخەکرانی سیاسەت کە زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە، لە کۆنگرەی ئاوارتەی پارتی ئاشتی و دێمۆکراسی[**BDP**]دا بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە، لە فێبرواری ٢٠١٠دا، وەک یەکەم سەرۆکی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا. ناوبراو لە سێپتامبری ٢٠١١شدا بۆ جاری دووهەم، لەگەڵ "گوڵتەن کشاناک"، وەک هاوسەرۆکی بەدەپە هەڵبژێرایەوە.

سەرۆکی تازە هەڵبژێرداوی بەدەپە لەمەودوا بە شێوەیەکی ئەکتیڤتر لە جاران هاتە ناو سیاسەت و ڕۆڵی چالاکانەی لە وتووێژەکانی ناسراو بە قۆناخی ئۆسلۆ، ڕەوتی ئاشتی، کۆمەڵکوژی ڕۆبۆسکی، دۆسیەی کەجەکە و هتد گێڕا و بوو بە یەکێک لە سیما ناسراوەکانی تورکیا. لە ساڵی ٢٠١١ش، وەک یەکێک لە بەربژێرانی بەرەی ڕەنج، ئازادی و دێمۆکراسی، لە جۆڵەمێرگ خۆی پاڵاوات و بۆ دووهەم جار وەک پارلەمانتار هەڵبژێردرا.

## هەدەپە و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار

ساڵی ٢٠١٢ی زایینی، دەمیرتاش و هاوحیزبییەکانی، بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانتر لە چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان و تورکیا، حیزبێکی چەترئاسای فرەدەنگ بە ناوی " پارتی دێمۆکراتیکی گەلان[**HDP**]"یان دامەزراند. دەمیرتاش لەگەڵ "فیگەن یوکسەکداغ"، لە ٢٢ی حەزیرانی هەمان ساڵدا، وەک هاوسەرۆکانی هەدەپە هەڵبژێردران.



دەمیرتاش لە لایەن حیزبەکەیەوە لە ئەگۆستی ٢٠١٤ی زایینیدا وەک بەربژێری پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار دیاری کرا و لەم قۆناخەدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕەجەب تەییپ ئەردۆغان، سەرۆک و دامەزرێنەری ئاکەپە و سەرۆک وەزیری ١٢ ساڵی ڕابردووی تورکیا کەوتە ڕکەبەریی ڕاستەوخۆ. ناوبراو هەرچەند لەو ڕکەبەرییە نابەرابەرەدا،

سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و وەک سەرۆککۆماری تورکیا هەڵنەبژێردرا بەڵام لە سەردەمی بانگەشەی هەڵبژاردناندا، توانی سەرنجی زیاتری کۆمەڵگا و مێدیای تورکیا بۆ لای خۆی و حیزبەکەی ڕابکێشێ و ڕێژەی ٩,٧٦ی دەنگەکان بەدەست بهێنێ. شتێک کە سەرکەوتنی دواتری حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی گشتیی تورکیای مسۆگەر کرد.

سەلاحەدین دەمیرتاش، وەک هاوسەرۆکی هەدەپە لە هەڵبژاردنی حەوتی ژووئەنی ٢٠١٥دا، ڕۆڵی سەرەکیی بانگەشەی هەڵبژاردنی حیزبەکەی لەئەستۆ بوو .

ناوبراو هاوکات لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەگرێکی بوێری پارتی دەسەڵاتدار و شەخسی ئەردۆغانە، بە سیاسەتمەدارێکی وردبین و قسەخۆش ناسراوە و بە گوێرەی شرۆڤەکارانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسانی تورک، دەمیرتاش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هێمن دەربازبوونی قۆناخی بانگەشەی هەڵبژاردنی و دووربوونی لە پۆلێمیکە باوە توند و پڕ لە بێ ڕێزییەکانی ساڵانی پێشووی ئەو قۆناخە لە تورکیا هەبوو .

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێک پێیان وایە دەمیرتاش، وەک سیاسەتمەدارێکی گەنج، بە وزە و بوێر، لەم دوو هەڵبژاردنی دواییدا، سیمایەکی جوانتری لە سەرکردەیەکی دێمۆکرات، ئازادیخواز و چەپ لەخۆ نیشان داوە .

## ناتکەین بە سەرۆک"

هەدەپە کە بەهۆی هەڤدیتنی چڕوپڕی لە ڕەوتی ئاشتیدا لەگەڵ ئاکەپە، لە لایەن ڕەخنەگرانەوە بە نەرمی نواندن لە بەرانبەر پارتی دەسەڵاتدار تۆمەتبار دەکرا و گومانی ئەوەی لەسەر بوو کە مومکینە ببێتە یارمەتیدەری وەڕاستگەڕانی خەونەکانی ئەردۆغان بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی تورکیا، بەر لە دەستپێکی فەرمیی بانگەشەی هەڵبژاردن، بە تاقە ڕستەیەکی دەمیرتاش، سەرجەم گومانەکانیان ڕەواندەوە.

دەمیرتاش نیوەڕۆی ١٧ای مارسی ٢٠١٥ ، لە کۆبوونەوەی ئاسایی حەفتانەی فراکسیۆنی هەدەپە لە پارلەماندا، ڕایگەیاند کە کورتترین لێدوانی حەفتانەی مێژووی فراکسیۆنەکەی دەدات و تەنیا بە گوتینی ئەوەی کە هەدەپە لەگەڵ ئاکەپە هیچ مامەڵە و هاوپەیمانییەکی قێزەون ئەنجام نادات، ڕوو لە ئەردۆغان، ڕەخنەگران و کۆمەڵگای تورکیا وتی "تا هەدەپەییەکان لەسەر خاکی ئەو وڵاتە هەناسە بدەن، تۆ نابی بە سەرۆک" و دواتر ڕستەکەی کورت کردەوە و وتی "تۆ ناکەین بە سەرۆک". ڕستەیەک کە دەنگدانەوەیەکی یەکجار زۆر فراوانی لە مێدیاکاندا هەبوو و بوو بە توخمی سەرەکیی بانگەشەی هەدەپە.

## دەمیرتاش و هونەر

دەمیرتاش سەوداسەری هونەریشە و لە ژەنینی سازدا دەستێکی باڵای هەیە. ناوبراو لەو سەردەمەدا کە لە ئیزمیر خوێندکار بووە، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی موزیکدۆستی، گرووپێک بە ناوی "کۆما بەلەنگاز"یان دامەزراندووە و جار و بار گۆرانییەکانی "ئەحمەد کایا، فەرهاد تونج و گرووپ یۆڕووم"یان گوتۆتەوە. لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا، دەمیرتاش لەگەڵ دیار دێرسیم، یەکێک لە گۆرانییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپەی وتەوە.



## بنەماڵە

دەمیرتاش دوو برا و ٤ خوشکی هەیە. دایکی، کەیبانووە و باوکی دووکانی تەعمیرچێتیی هەیە. خوشکێکی دیزاینەر، یەکیان پارێزەر و دووی تریان مامۆستانە. براکەی، "نوورەدین"، ساڵی ٢٠٠٤، پاش ١١ ساڵ و شەش مانگ، لە زیندان ئازاد بوو و ماوەیەک دواتر بوو بە سەرۆکی دەتەپە. ناوبراو ئێستا لە باشووری کوردستانە و ئەگەرچی دەگوترێ لە هەولێر دەژی، بەڵام بە گوتەی سەلاحەدینی برای، نورەدین لەم دواییانەدا لە شنگال و لە ڕیزی گەریلاکانی پەکەکە، لە شەڕ دژ بە داعشدا بەشداری کردووە .

س. دەمیرتاش لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینییەوە لەگەڵ "باشاک دەمیرتاش"ی مامۆستا ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و باوکی دوو کچ بە ناوەکانی "دەلال" و "دڵدا"یە.

م.م.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی : ٩ی جوونی ٢٠١٥

# ڕامانێک بەسەر ڕۆژی جیهانی هەڵپەرکێ (دانس)

عەلی لەیلاخ

هەڵپەرکێ وەکوو یەکێک لە حەوتەوانەی هونەرلە نێو گەلانی جیهان و دنیای هونەر جێگەوپێگەی تایبەتی هەیە،بەشی زۆری ئەم گرینگیە دەگەڕێتەوە بۆ تێکڵاوبوونی ئەم هونەرە لەگەڵ ڕەوت و مێژووی مرۆڤ و بەشێکی دیکەشی لە جوانی و شەنگی ئەم هونەرەدایە.کە دەتوانین بڵێین: گرێدراوە بە کەلتوور و فەرهەنگی گەلانی جیهانەوە. ئاستی بەرزی و جوانی ئەم هونەرە مێژووییە تارادەیەک بۆتە بەشێک لە پێناسەو شوناسی نەتەوەکان و هەموو ساڵێک لە دەیان فستیڤاڵی جۆربەجۆر گرووپە هونەرییەکان بە بەشداری بەرچاو و چالاکانەی خۆیان و نواندنی «هەڵپەرکێ»و دانسی تایبەت بە نەتەوەکەیان، هەوڵ دەدەن کەونارایی و جوانی هونەری میللی خۆیان بە گەلانی دیکە بناسێنن. ئەگەرچی هەڵپەرکێ وەکوو زمان،کولتوور و شێوە هەڵسوکەت کردن بە پێی جواغرفیای وڵاتەکان لە گەڵ یەک جیاوازییان هەیە، بەڵام دەتوانین، «بزم» و «ڕەزم» و شایی و یەکیەتیی مرۆڤەکان بە خاڵی هاوبەشی سەرجەم هەڵپەرکێیەکان دابنین. کاریگەریی ئەم هونەرە بەسەر تاک وکۆمەڵ بەچەشنێکە کە بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت هەر دوو لایەن واتە چ «هەڵپەرکێکەر و چ سەیەرکەر» هەستێکی خۆشی دەروونی دایاندەگرێت و دەیانباتە دنیای ئارامی و ئەهوەنی.



لە زۆربەی هەڵپەرکێیەکانی گەلانی جیهان ئێمە شاهیدی دەست لەیەک ئاڵاندن و پێکەو بوونێکی سەمیمانەوە مانادارین،کە بۆ خۆی نمادێکە لەوەی کە مرۆڤەکان بۆ درێژەدان بە ژیان و بۆ بەختەوەری و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ تاڵی و تەنگەژەکانی ژیان نیازیان بە پێکەوە ژیانە. بە قسەی نیچە: تاک بوون، سەرچاوەی ئازارە و پێکەوەبوون و یەکیەتیی مرۆڤ بنەمای ڕەهایی و بەختەوەرییە.

بە پێی زانستی ئستوورە ناسی **Mythology** ؛ سەرجەم حەرەکات و نواندنی جەستەی ئینسانەکان لە کاتی هەڵپەرکێ دا هەڵگری باری مانایی مێژوویی و ئوستوورەییە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ لاسایی کردنەوەی مرۆڤ لە سرۆشت کە بەرەبەرە بە پێی بارودۆخی مرۆڤەکان چ لەکاتی «نزا» و نیایش و چ لە کاتی بەزم و شایی یان لەکاتی شێنگێڕی و سەرەخۆشی ڕەنگ و ریتمی تایبەتی بە خۆی گرتووە دەتوانیین بیژین: هەڵپەرکێیەکان لە چوار دەستە دابەش دەبن.

_ ڕەزم، بەزم، نزا «نیایش» و شینگێڕی

ئەم چوارەش لە گەڵ ئینسان وکۆمەڵگاکەی هەبووەو هەیەو دەبێت.کەواتە هەتا مرۆڤ هەبێت «هەڵپەرکێ» جیا لە هونەر وەکوو کەلتوورێک هەر دەبێ.

گەلی کوردیش لەم کەلتوور و هونەرە بەشی شێری بەرکەوتووە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کەونارایی گەلی کورد و جوغرافیای بەرینی کوردستان، کە شوێنی سەرهەڵدانی یەکەمین شارستانیەتەکانی مێژووە.

لە دنیای ئەمرۆ کە باس لە فەرهەنگ و ڕەسەنایەتی گەلان دەکرێت بێگومان دوای زمان و مۆسیقی «هەڵپەرکێی کوردی، نوێنەرایەتی زیندوویی ئەم گەلە چەوساوە دەکات

کە زۆر لایەنەوە بۆ کەتمان کردن و سڕینەوەی دەرێت بەتایبەت ئەو دوو بەشەی لە کوردستان کە لە بن دەستی شۆڤنیستی تورک وفارس دا پەراوێز خراوە. بەڵام هونەر بەگشتی و بەتایبەتی هونەری «دانس»ی هەر گەلێک هەڵقولاوی مێژووی ئەوگەلەیە رۆژبەدوای رۆژ ئەم کلتووره رەسەنە کە ئەمرۆکە پاڵی داوەتەوە بە هۆنەری نواندن و شانۆی کوردییەوە لە گەشەدایەو بۆتە نوێنگەی ناساندنی فەرهەنگ وکەلەپووری کورد لە دنیا.

بەسەرنجدانێکی خێرایی بەسەر شێوە و جۆری هەڵپەرکێی کوردییەکان بە هێندێک جیاوازییەوە کە ئەوێش نیشان لە بەربڵاویی وفرەچەشنی گەلی کوردە، بۆمان دەردەکەوێت کە «نەزم» و جۆرەکانی هەڵپەرکێ لە تەواوی کوردستان بەجۆرێک هاوبەش و یەکسانە.

ریتم و نەزمی هەڵپەرکێی کوردی وەک ئاماژەمان پێ دا، هەڵگری مانای تایبەت و نمادێکی مێژووییە بۆ نموونە:

* دەستگرتن، نمادێک لە هاوشانی و پاڵپشتیە.
* رەشبەڵەک یان گەنم وجۆ یان دەسگرتنی ژن و پیاو، نیشانەی یەکسانیی و بەشداری ژنان لە بۆنەکان دایە.
* چۆپی؛ بە مانای هەڵگرتنی ئاڵای رزگاری
* بازنەیی؛ هەڵپەرین کە دەگەرێتەوە بۆ ئایینی میترا پەرستی و نیشان لەوەیە کە بازنە پیرۆزترین و ساکارترین شێوەی هیندسیە کە مرۆڤ لێ تێگەیشتووە.
*پاخشاندن وزرمە لێدان لە زەوی؛ نمادی دیاریکردنی قەڵەمڕەو و هەژاندنی خاکە و زۆر نمادی دیکە کە کۆی ئەم نمادگەلە باس لە رەچەڵکی پیرۆزو دێرینی ئەم هونەرە دەکات،کە ئێستاشی لە گەڵ بێ لە هەموو جیهان وەکوو هونەر و ناسنامەیەکی نەتەوەیی شوێنەوارێکی مێژوویی چاوی لێدەکرێت.

بۆیە لەساڵی ١٩٨٢ی زایینی لەلایەن کومیتەی «دانس»ی ئەنستیتۆی شانۆی یۆنسکۆ ٩ی بانەمەڕ رۆژی لە دایکبوونی (ژان ژاک نوور)داهێنەری هەڵپەرکێ «بالە»ی مودێرن بە رۆژی جیهانیی هەڵپەرکێ ناوزەد دەکرێت. هەمووساڵێک لەم رۆژەدا کەسایەتیەکی بەناوبانگ بەم بۆنەوە پەیامێک دەنێریت کە پەیامی ئەم ساڵ لە لایەن پادشای کامبۆج (نوردوم سیهامونی) پێشکەش کرا کە بۆ خۆی ساڵانێک مامۆستای بالە»بۆوە. لە پەیامەکەی دا دەڵێ: هەڵپەرکێ رۆح وهزر دەگەێنێتە لووتکەو رێگایەکە بۆ رزگاری و هەڵفرینی گیان لە جەستە.

جێگای خۆیەتی کە ئێمەش لەم بۆنەدا دەست خۆشی و ماندوونەبوونی ئەوکەسانە بکەین کە بۆ گەشە و زیندوو هێشتنەوەی ئەم هونەرە بەنرخە بەشێوەی جیدیی و زانستی سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکان هەوڵیان داوە بەتایبەتی هونەرمەندی شانۆکار دوکتور قوتبەدینی سادقی کە چەند ساڵێکە گیانێکی هونەریتر و ئەمرۆیی تری بەخشیوە بە «هەڵپەرکێی» کوردیی و لە دەیان فستیڤاڵی جیهانی بەشداری کردووە.

سەرچاوەکان:
ماڵپەڕی دویچەوله،
ماڵپەڕی کورد پرس

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٧ی مەی ٢٠١٥

# تورک هەر تورکە: ناسیونالیست، ئیسلامی یان چەپ بێت، بەرامبەر کورد هەموویان یەکن

عەتا قەرداخی

ئاشکرایە بەشداریکردنی هەدەپە وەکو پارتێکی سیاسی کوردی لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا خاڵێکی گرنگە بە گوێرەی کورد لە باکور کە بۆ یەکەمجار کورد وەکو خۆی و بە ناوی خۆیەوە بەشداری هەڵبژاردن دەکات و پاشانیش دوای ئەوەی کە دەنگێکی باش بەدەست دەهێنێت وەکو لیستی کوردی واتە وەکو نوێنەری نەتەوەی کورد بەشداری پەرلەمان دەکات لە تورکیایەکدا کە ٩٥ ساڵە بە دەستوورو بە سیاسەت و بە ئابووری و بە دیپلۆماسیەت و بە هەموو شێوەیەکی تر نکوڵی بوونی کورد لەو وڵاتەدا دەکات و تەنیا پێیوایە ئەوانە تورکی چیایین و ناتوانن وەکو کۆمەڵگەی تورکی گەشە بکەن.




بەهەرحاڵ ئەوە عەقڵی ناسیونالیستی تورکیە بەرامبەر بە کورد کە لە لوتکەی شۆڤێنیستیدایەو ناتوانێت دان بەوەدا بنێت کە باکوری کوردستان وڵاتێکی ترەو نەتەوەیەکی تری تێدا دەژی کە هیچ پەیوەندییەکی بە تورکەوە نیە تەنیا ئەوە نەبێت کە پێشتر ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ئەو بەشەو باشووری کوردستانی داگیرکردبوو، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئیمپراتۆرێتەو دروستکردنی دەوڵەتی نوێی تورک و دەوڵەتی نوێی عێراق دەوڵەتانی خوێنرێژی ئیمپریالیستی و بڕیاربەدەستی رۆژئاوا جارێکی تر لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ئەو بەشەی کوردستانیان لە نێوان تورکیای نوێ و عێراقی عەرەبیدا دابەشکردو لەو بەڵێن و رێکەوتنە پاشگەزبوونەوە کە بە ناوی سیڤەرەوە کرابوو، کە تیایدا لەسەر ئەوە رێکەوتبوون لە ولایەتی موسڵی پێشتردا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان دروستبکرێت.

بەهەرحاڵ پاشی نەوەدو پێنج ساڵ لەو تورکیایەدا کە ئیدیعای دیموکراسی دەکات و بە ئومێدی ئەوەیە کە بچێتە کۆمەڵەی ئەوروپییەوە کورد پاش خەبات و تێکۆشانێکی خوێناوی دوورو درێژ توانی وەکو حیزبی سیاسی بەشداری هەڵبژاردن بکات.

دیارە سەرکەوتنەکە بۆ یەکەمجار گرنگە ئەگەرچی دەنگی کورد لە باکور گەلێک لەو دەنگانە زیاترە کە هەدەپە بەدەستی هێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرباری جۆرێک لە رابوونەوە لە باکووری کوردستان بەهۆی خەبات و تێکۆشانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هێشتا رووبەرێکی هێجگار فراوانی کوردستان ماوە کە شەپۆلی رابوونەوەی نەتەوەیی نەیجوڵاندووەو تەنانەت لەم هەڵبژاردنەشدا بەهۆی بنەمای بەناو ئیسلامیبوونەوە دەنگیان داوە بە ئاک پارتی ئەمەش جارێکی تر ئەو راستیە دووبارە دەکاتەوە کە چۆن لە مێژوودا ئیسلام رۆڵی نێگەتیفی بینیووە بەرامبەر بە رابوونەوەی کوردو زۆربەی جار نەک هەر ئەو رابوونەوەیەی دواخستووە بەڵکو بووەتە بەربەستیش لە رێگایداو کوردی بەرەو پایتەختەکانی داگیرکەران ئاراستە کردووە لەبری ئاراستەکرنی بۆ دروستکردنی ناوەندی کوردی کە ئەوەش ئاراستەی بەرەو یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی و دروستکردنی دەولًتی یەکگرتووی کوردستانە. ئایا ئاکپارتی جیاوازییەکی ئەوتۆی هەیە لەگەڵ جەهەپە و مەهەپەو کۆی ئەوانەی کە هەستو تێڕوانینی ناسیونالیستی تورکی کۆنترۆڵی کردوون؟ بێگومان رەنگە لە رووکەشدا هەست بکرێت کە ئاکەپە جیاوازە بەڵام لە گەوهەرو ماهیەت و لە سیاسەتدا بەرامبەر بە کورد جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

ئەوە ئاکپارتیە لە دوو دەیەی رابردوودا کوردستان وێران دەکات و خوێ،ی رۆڵکانی کورد دەرژێنێت و سەرۆکی پارتی کرێکارانی بە شێ،ەیەکی ترسنۆکانەو نامەردانە بە یارمەتی موخابەرتی جیهانی دەستگیر کردو تاکو ئێستا نەک دان بە بوونی کورددا نانێت وەکو نەتەوە دان بە سادەترین مافەکانیدا نانێت لەبەکارهێنانی زمانی دایک و بەدەستهێنانی مافی کەلتووری. ئەوەیشی کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەیوەندیەکی تا ئەندازەیەک باشی هەیە ئەوە پەیوەندی ئابووریەو بەرژەوەندییەکانی تورکیا ئەوە دەسەپێنێت بەسەر هەر حکەمەتێکدا کە لە تورکیادا فەرمانڕەوا بێت نەک لەبەر ئەوەی ئەکەپە بڕوای بە مافی کوردو سەربەخۆیی کورد یان باشووری کوردستان هەیە

. بۆیە گرنگە کە هەدەپە بە وریاییەوە مامەڵە بکات و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لە باکور پەیوەندی و هاوپەیمانیەکانی ڕێکبخات.

نەک وەکو حیزبەکانی باشووری کوردستان لە ئەنجامی کورتبینی و ململانێی نێوانیان و وابەستەبوونیان بۆ تورک و عەجەم لە نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و تەنانەت لە پرۆسەی سیاسی عێراقی دوای سەدامدا هەڵوێستی خۆیان دیاریکرد کە ئەویش هەڵوێستبی دابەشبوو، ناجێگیرو پارچە پارچە بوو لە پێناوی بەرژەوەندییە حیزبیە تەسکەکانیاندا کە ئەوەش سەرئەنجام کوردی بەو شێوە لاوازەی ئێستای گەیاند لە عێراقدا و لە نەخشەی سیاسی و بەڕێوەبردنی عێراقدا. کە هیوادارم هەدەپە هەچۆن بە ژیرانە هەنگاو بە هەنگاو هاتۆتە پێشەوە لەو ڕووەشەوە بە لۆجیکی عەقڵ و حەکیمانە هەموو هەنگاوەکانی لە پێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەماندا بێت بە تایبەتی لەباکوور کە ئەم ئامادەبوونەی هەدەپە وەکو نوێنەری راستەقینەی باکوری کوردستان رۆڵ و کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر چارەنووس و ئایندەی نەتەوەکەمان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڤین / ڕێکەوتی : ٤ی جوونی ٢٠١٥

## پاشماوەی لاپەڕەی : ١٤

بەرژەوەندییەکانی ئەوان. لە جەنگی ساردی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا ئیسرائیل رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو بۆ خۆرئاوا. بوونی پترۆڵێکی زۆرو کەنداوی سویس دیسانەوە بایەخی ئیسرائیل گرنگتر دەکەن. جگە لەوەش ئیسرائیل تاکە دەوڵەتی ناوچەکەیە کە بەهاو نەریتەکانی خۆرئاوا لە دیموکراسیدا پەیرەو دەکات. پرۆسەکانی هۆڵۆکۆست و قرکردنی جولەکە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا، هەست و گرێی تاوانی لەکن ئەوروپییەکان دروستکردووە، بەجۆرێک کە پاراستنی ئیسرائیل بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن. سوربوونی عەرەبەکانیش لە فڕەدانی ئیسرائیل بۆ ناو دەریا و قڕکردنیان یاریدەدەر بووە بۆ ئەوەی ئیسرائیل هەمیشە بەڵگەی کردەوەکانی خۆی لە پێناوی خۆپاراستنیدا بهێنێتەوە.

ئاین هۆکارێکی دیکەی زۆر گرنگە لە هاوکاری خۆرئاواییەکان بۆ ئیسرائیل، مەسیحیە ئینجیلیەکان و پرۆتستانتەکان لەو باوەڕەدان کە هەتا دەوڵەتی ئیسرائیل بەو جۆرەی لە تەورات باسی کراوە دروست نەبێت ئەوە مەسیح ناگەڕێتەوە. بوونی لۆبی ئیسرائیل لە ئەمەریکا و ئەوروپا و تەواوی دنیا، کە زۆر بە جدی کار لە پێناوی بەرژەوەندی ئیسرائیل دەکات و دەست بەسەر جومگە گرنگەکانی ئابووری و سیاسەت و میدیا گرتووە، دیسانەوە هۆکارێکی گرنگن بۆ ئەوەی خۆرئاوا هەمیشە لە پشتیوانی ئیسرائیل دوو دڵ نەبێت. ئیسرائیل تەنها ٦٧ ساڵە دامەزراوە، لەو ماوەیەدا وێرای ئەو هەموو جەنگەش سەربەرزانە بەپێوە وەستاوە و توانیویەتی نەک تەنها مانەوەی خۆی بەڵکو بنەماکانی ژیان و مانەوە و بەردەوام بوونیش پتەوتر بکات. ئەم کارانەی ئیسرائیل بە گۆچانە سیحریەکەی موسا نەکراوە، بەڵکو ئەوە بە سیحری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سەروەری یاسا بەدی هاتووە. هەرێمی کوردستانی ئێمەش کە ئێستا نزیکەی ٢٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی تێپەڕاندووە هێشتا لە گیانەڵادایە چونکە لە بەهای ئەو سیحرانە نازانێت...

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی : ١١ی مەی ٢٠١٥

# وەکوو سروەی بەیانانی بەهاری..

عەلی لەیلاخ

ئەگەر بمانهەوێت سەرنجێک بدەین بە ڕەوتی ئەدەب وفەرهەنگی کوردی لە و بەشەی کوردستان واتە ڕۆژهەڵات.بە تایبەتی لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، بێگومان دەیەی ٧٠ی هەتاویی هەڵکشانێک دەبینین کە وەکوو بزاڤێک زۆربەی شاروگوندەکانی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە ،چ لە بەشداریی بەرچاو و هاتنە مەیدانی بەرەیەکی نوێ لە قەڵەم بەدەستان ونووسەران،چ لە ڕێژەی بەشداری وپێشوازی خەڵک لە فێرگەکانی خوێندن ونووسین بە زمانی زگماکی. گرینگیدان بە زمان و ئەدەبی نەتەوەیی کە زیاتر وەکوو مەتەرێزێک بۆ بەربەرەکانی و پەرچەکردا نێشاندانێکە بەرانبەر بە سیاسەتی دەیان وبگرە سەدان ساڵەی دەسەڵاتی باڵا لە ئێران بە نیسبەت کوردەکان. هەرلەم روانگەوە ئەنجومەن وڕێکخراوە مەدەنییەکان خەباتێکی نەرم وپڕ دەسکەوت وەرێ دەخەن و دەتوانن بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کاریگەرییان هەبێ و کە ئێستاش هەر درێژەی هەیە.



بە گوتار بوونی ناسیونالیزمی کوردی لە ئێران و بەرجەستەبوونی ویست وداوا نەتەوەییەکان لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران ئەگەرچی لە سەرەتاکان لاواز ببوو هەروەها دوای هەرەس هێنانی دانوستانی لایەنە سیاسییەکانی کورد لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی وهەڵگیرسانی شەڕی نەخوازراو،بەرەبەرە دوای کپ بوونی دەنگی چەکی حەقخوازانە دیالۆگی شاخ وخەباتی رەوا،لە رەوتی گەشەی فەرهەنگ وئەدەب وچالاکیی مافخوازانەی ناو شاردەبینین. کە وەک ئاماژەمان پێدا دەیەی ٧٠بە رێنسانێک لەمەبارەوە ناودێر کراوە.

بە لێ وردبوونەوەیەکی سادەش دەردەکەوێ کە بەستێن وزەمینەی ئەم شۆرشە نەپساوەو پرخزمەتە فەرهەنگییە،لەکۆتایی دەهەی ٥٠ و سەرەتاکانی دەهەی هەستیاری ١٦٠دا دەبینینەوە. داری نەتەوەخوازی کورد لە رۆژهەڵات ئەگەرچی لە خاکی خوێنرەنگی خەباتی دەیان ساڵەی گەلی کورد رەگ وریشەی داکوتاوە بەڵام بە هەڵکردنی شنەی "سروە"ی قەراخی گۆلی ورمێ کە بە هیمەت و زەحمەتی کەسانێک وەکوو"مامۆستا هێمن وکاک ئەحمەدی قازی"و دەیان کەسی دیکە لە بەوپەرێ لەمپەر و گیروگرفتەوە گیانێکی تازەو نوێ دەبەخشن بەجەستەی هیلاک و هەڵپرووکاوی کۆمەڵگەی کوردستانی لە ئێران.رەنگە گەشەونەشەی چاپەمەنی کوردی هۆکارگەلێکی دیکەشی هەبێت لە دەیەی ٧٠ کاندا،بەڵام بە جورعەتەوە دەتوانین بڵێین:ئەم دەسکەوتە بەشێکی زۆری هی ماندوویی وخەمخۆری ئەوقەڵەمە دەروەستانەیە کە لەژێرچاوەدێری سانسۆری رەشی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وبێ ئینسافی هێندێک لایەنی کوردی! ( کە لە کاتی خۆی تانەو توانچی نابەجێیان دەخستە پاڵ ئەوکەسانە) خەمسارد ودڵسارد نەبوون لە ناوەندی چاپەمەنی سەلاحەددین ئەیوبی" و بە دەرکردنی گۆڤاری رەنگین ونەخشینی "سروە" ،درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا، کە هەم کتێبخانەی کوردییان پێڕازاندوە هەم دەیان قەڵەم بەدەستی خاوەن بیروهزری نەتەوەییان بارهێنا..چونکە کەسانێک وەکوو ئەحمەدی قازی کە بۆ خۆی بە نیسبەت نەتەوەکەی هەمیشە لە مەیداندا بوو لەوەی دڵنیا بوون کە کێڵگەی خزمەت بە کلتوور وفەرهەنگ هەرچەند ماندوو بوونی هەیە، بەڵام خەرمانی بە پیت وبەرەکەتیشی دەبێ.لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە نیشانەی وەفا،ئاورێک لە سەربردەی ئەو قەڵەم بەدەستە کۆچ کردووە بدەینەوە:



ئەحمەدی قازی کەسایەتێکی فرە رەهەند و ناسراوی کورد لە دایکبووی ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی دوای ئەوەی کە لەسەر داوای پێشەوا قازی موحەممەد ماڵیان لە گوندی "قازیاوا" دەچێتە شاری مەهابادو باوکی مەحکمەی شار وە ئەستۆدەگرێت خوێندنی سەرەتایی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار دەسپێدەکات وهەتا

لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لیسانسی زمان وئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکۆی تاران وەردەگرێ.ماوەی نزیک بە چوار ساڵ دەبێتە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگی شاری بۆکان وهەروەها مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە.

ئەحمەدی قازی لە ساڵی ١٣٤١بە هۆی ئەندام بوونی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێوەندیی لە گەڵ شۆرشی ئەیلوولی باشوور لە مامۆستایەتی وەلا دەخرێ وماوەی چوارساڵ دەخرێتە زیندانەوە،هەر لە زیندان یەکەم بەرهەمی خۆی "شب بی پایان"کە رۆمانێکی ئینگلیزیە دەکات فارسی و دوای کۆچی مامۆستا هێمن بۆ ماوەی ٢٢ساڵ لە گۆڤاری "سروە"کار دەکات.ئەوەی کە لە ژیانی ئەم نووسەرە شۆرشگێرە جێگای سەرنجە ،هێمن وتەنی: هەتاکوو دواپشوو رێبواری رێگەی عێشق وئازادی بوو"لە هەر رێگایەکەوە توانیویەتی خزمەتی بە گەل ونیشتمان کردوە چ ئەوکات کە راوێژکارێکی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدا هەتا کێشەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران لە لوولەی تفەنگەوە بگوازێتەوە بۆ سەر میزی دیالۆگ و وتووێژ چ ئەوکات کە تێدەگات دەسەڵاتی توتالیتەری کۆماری ئیسلامی دان بە مافی گەلان لە ئێران "ناهێنێ وبەلام لە هەوڵی سەرختن وبەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی دڵسارد نابێ بەڵکوو لە رێگەی چاپ ووەشانی کوردیەوە ئەو خزمەتە بەپیزە دەکات کە ئێستا ئاکام ودەرنجامەکانی دەبینین.چ وەکوو تاک کە خاوەنی دەیان بەرهەمی نووسین و وەرگێرانە.هەروەها مامۆستایەکی هەڵسوور بوو لە قوتابخانەی "سروە".

رەنگە جێگای نووسەرانێکی خەمخۆروپسپۆر وەکوو کاک ئەحمەدقازی و کاک ئەحمەد شەریفی و مارف ئاغایی و... سەرجەم رچەشکێن و رێگەخۆشکەرەکانی ئەلفوبێی کوردی بە بە تاڵی نەمێنێتەوە بەڵام جێ‌پەنجەوکاریگەرییان بەسەر ئەدەبی کوردی وهەستی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەڵات بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. یادوناویان بە ناز ونیاز.



ئەم کەڵە نووسەرە لە ماوەی ژیانی ئەدەبی خۆیدا چەندین شاکاری ئەدەبی جیهان وەکوو "دۆن کیشۆت" و"گێل گەمێش"ی وەرگێراوەتەوە بۆ سەر زمانی کوردی و دەیان بەرهەمی دیکەی بە یادگار بە جێهێشتووە

بەرهەمی کوردی:باقەبێن، رێنووسی زمانی کوردی بە دوو زمان،کۆکردنەوەی دیوانی سەیفولقۆزات،وەرگیرانی دیوانی سەیروسەمەرە،کتک( پشیلە )ومشک.

ئاسەواری فارسی؛نسل اژدها،کوهسارحقیقت،دوقلوهای عجیب، عصرغول ها، صدام وبحران خلیج، ژانی گەل(وەرگێرانێک لە کوردیەوە بۆ فارسی)،خلاصە تاریخ کردستان و...هتد

ئەم نووسەرە خۆشناووناسراوە لە رێکەوتی١٧ای جۆزەردان بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد،شایانی باسە چەند رۆژدوای ئەم کۆستە لە رۆژی٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٤هەتاوی رۆژنامەنووس ومێژووناسی بەخزمەتی دیکەی کورد، هاوکاری لە مێژینەی بڵاوکراوە کوردییەکان"سروە"،"مەهاباد"،ئاوێنە"... کاک ئەحمەدی شەریفی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.کە لە دەستدانی ئەم دوو نووسەرورۆژنامەوانە لە ماوەیەکی کەم و بەدوای یەکدا خەسارێکی گەورەیە لە بزاڤی چاپەمەنی کوردی،هیواخوازین بە هیمەتی قوتابیانیان ئەو کەڵێنە پڕ بکرێتەوە.

......................

ژێدەر:ماڵپەری کوردستانی نوێ، پێشەکی دیوانی مارف ئاغایی.

لە ژمارە ٦٥٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢١ی جوونی ٢٠١٥



## Pushper ۲۷۱۵ پووشپەر

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ۱ 22 | ۲ 23 | ۳ 24 | ۴ 25 | ۵ 26 |
| ۶ 27 | ۷ 28 | ۸ 29 | ۹ 30 | ۱۰ 1 July | ۱۱ 2 | ۱۲ 3 |
| ۱۳ 4 | ۱۴ 5 | ۱۵ 6 | ۱۶ 7 | ۱۷ 8 | ۱۸ 9 | ۱۹ 10 |
| ۲۰ 11 | ۲۱ 12 | ۲۲ 13 | ۲۳ 14 | ۲۴ 15 | ۲۵ 16 | ۲۶ 17 |
| ۲۷ 18 | ۲۸ 19 | ۲۹ 20 | ۳۰ 21 | ۳۱ 22 | | |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |